# هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان پاڵپشت بەپێوەرەکانی دڵنیایی جۆری لەهەرێمی کوردستانی عێراق

**ID No. 457**

(PP 41 - 66)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.3

**شیلان ئەحمەد حەمەدەمین** **سەلوا ئەحمەد ئەمین**

بەشی باخچەی منداڵان، کولێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

Shelan.hamadameen@su.edu.kr salwa.ameen@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/08/03**

**پەسندکردن : 2022/09/25**

**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە: بونیادنانی پێوەری ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان پاڵپشت بەپێوەرەکانی دڵنیای جۆری ، و ناساندنی ئاستی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان پاڵپشت بەپێوەرەکانی دڵنیای جۆری ، کە تیایدا توێژەران میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەگونجێت، کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتووە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) لە سەنتەری شارەکان،وە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەران هەستان بە بونیادنی پێوەرێك بۆ پێوەری ئەدائی مامۆستایان، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی بونیادنان (شیکاری ئاماری) بە ڕێژەی 15% لە کۆمەڵگەی سەرەکی هەڵبژاردرا کە ژمارەیان (409) مامۆستا بوو، کە بە شێوازی هەڕەمەکی چین چینی هەڵبژێردران، دوای ئەنجامدانی ڕێکارییەکانی بونیادنانی پێوەر، توێژەران پێوەرێکیان بونیادنا بۆ پێوانەکردنی پێوەرەکانی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان کە لە (87) ئاماژە پێکهاتبوو لە شێوەی دەستەواژەی ڕاپۆرتیانە کە بەسەر (10) بوارو (16)پێوەر دابەشکراون کەبوارەکان پێکهاتوون لە : ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا: (9،ئاماژە)، پلان دانان و بەدواداچوون: (8 ئاماژە)، بەڕێوبردنی چالاکییەکانی ناو پۆل کارلێکی ئەرێنی: (8،ئاماژە)، شێوازەکانی فێرکردن کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی منداڵە بۆ گەشەکردنیان: (8، ئاماژە)، هۆشیاری ژینگەیی: (8، ئاماژە)، تەندروستی و سەلامەتی منداڵ: (8، ئاماژە)، گەشەپێدانی پیشەیی وشارەزایی و پسپۆری: (10،ئاماژە)، پاڵپشتی و پەیوەندی کردن لەگەڵ منداڵ:( 8، ئاماژە)، هاوبەشی کردنی مامۆستا لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگا:(10،ئاماژە)،هەڵسەنگاندن:(10،ئاماژە)). و پێنج (5)جێگرەوەی وەڵامدانەوەش لەخۆدەگرێت، کە تایبەتمەندیە سایکۆمەتریە گونجاوە دەرهێنراوەکان بۆ ئاماژەکانی پێوەرەکە بریتیبوون لە (هێزی جیاکاری و ڕاستی ئاماژەکان و جێگیری ئاماژەکان)، هەروەها تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان بۆ پێوەرەکەش بریتیبوون لە : ڕاستی : (ڕاستی ڕوواڵەتی و ڕاستی بونیادنان)، و جێگیری : (ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ ) ، وە بۆ پراکتیزەکردنی پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی توێژەران نموونەیەکیان لە کۆمەڵگەی سەرەکی هەڵبژراد بە ڕێژەی 10% کە ژمارەیان (273) مامۆستا بوو، کە بە شێوازی هەرەمەکی چین چینی هەڵبژێردران، وە بە پشتبەستن بە بەرنامەی (SPSS) (پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان)، بۆ شیکردنەوەی داتاکان، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشت بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەمانە بوون : بونیادنانی پێوەرەکانی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەژێر ڕۆشنای دڵنیای جۆری کە پێکهاتووە لە (87) ئاماژە لە شێوەی دەستەواژەی ڕاپۆرتیانە بە تایبەتمەندی سایکومەتری گونجاو. وە مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق پێوەرەکانی ئەدائی مامۆستایان بەشێوەیەکی گشتی هەیە وەلە ئاستێکی بەرزیشدایە ، وە لە کۆتایی توێژینەوەکە ولە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان توێژەران هەندێك ڕاسپاردەو پێشنیاریان پێشکەش کرد .

**وشە گرنگەکان:** هەڵسەنگاندن، ئەدائی مامۆستایان،باخچەی منداڵان، پێوەرەکان، دڵنیایی جۆری.

## 1- پێشەکی

### 1-1 کێشەی توێژینەوە:

بایەخدان بە جۆری و نایابی، بۆتە خەم و ئەندێشەیەکی گەورە لە هەموو بوارەکانی ژیان، بواری خوێندن و فێربوونیش لە بوارەکانی دیکە جیاوازی نییە، بۆیە جۆری و نایابی بۆتە دروشم و خواستێکی پێویست و دامودەزگاکانی فێرکردن لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی ئاشکرادایە بۆ بەکارهێنانی جۆري وەکو پێوەرێکی بەرهەمی فێرکاری.هەڵسەنگاندنی جۆری و نایابی (الجودة) لە هەڵسەنگادنی ئەدائی مامۆستاو ئەنجامدانی بەرپرسیارێتییەکانی لە گرنگترین بنەماکانی چاکترکردنی نایابیی (الجودة) فێرکردن دادەنرێت، بە جۆرێکي هاوچەرخانەش سەرنج لە ئەرکی فێرکردن و ڕۆڵی مامۆستاو ئەنجامدانی کارەکانی دەدرێت، چونکە کۆمەڵگە مرۆییە پەرەسەندووەکان ئارەزووی جۆرێکی نوێ لە فێرکردن دەکەن، کە زیاترو زیاتر لەگەڵ شۆڕشی تەکنیکی و زانیارییە زۆر وزەوەندەکاندا بگونجێن، کە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان ناسیویانن، جگە لەوەش هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی فێرکاری بوونەتە ئەرکێکی ڕەوشتی و دامەزراوەیی لە

زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، چ هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکان بێت، یان ئەنجامدانی کاری(ئەدائی) ئەکادیمی، یاخود تاکەکان، یان دەستکەوتەکان. مامۆستای باخچەی منداڵانیش رۆڵێکی بنەڕەتی لە فێرکردنی منداڵدا دەگێرن لەو قۆناغە تەمەنییەدا، رۆڵیشی تەنها لەسەر فێرکردنی منداڵان رانەوەستاوە لە رووی زانین و زانیارییە جۆراوجۆرەکان و فێرکردنیان، بەڵکو یارمەتیدانیان لەسەر گەشەسەندنیان لە هەموو بوارەکانی ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و عەقڵی و پەرەپێدانی تواناکانیان، هەروەها بەشداریکردن لە دەستنیشانکردنی مەیل و ئارەزووەکانیان و وزەکانیان و پێداویستییەکانیان و ئاراستەکردنیان ئاراستەکردنێکی راست و درووست، هەروەها توانای نەخشەدانانی بەردەوامی هەبێت و توانای بەسەر ستراتیژییە جۆراجۆرەکانی فێرکردن و توانای پەیوەندیکردن و پەیوەندی پێوەکردن و هەڵسەنگاندنی راستەقینەی هەبێت، هەموو ئەمانەش بەپێی پێوەرەکانی پەروەردەی درووست، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستایانی باخچە تواناو هێزی پێویستیان هەبێت بۆ هێنانەدیی ئەو رۆڵە بە تەواوترین شێوە. توێژەران لە کاتی توێژینەوەو گەڕانیان بە دوای هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان تێبینی ئەوەیان کرد، کە کاری مامۆستایانی باخچە، هەندێکجار کاری هەڕەمەکی لەخۆدەگرن، بێ ئەوەی پشت بە پێوەری دیاریکراو ببەستن، هەر مامۆستایەکی باخچە بەپێی نەخشەو پلانێکی تاکە کەسیی خۆی و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی رووداني جیاوازي لەو ئەزموونانەی کە منداڵان لە هەمان باخچەو هەمان تەمەندا بەریدەکەون و رووبەڕووی دەبنەوە، هەروەها تێبینی ئەوەشیان کرد کە هەندێك لە مامۆستایان بە شێوەیەکی دروست توانای لەسەر نرخاندن و هەڵسەنگاندنی قوتابیانی نەبوو، سەرباری کەمی، یان نەبوونی ئەزموونی تەواو لای هەندێك لە مامۆستایان لە بوارە جیاوازەکانی گەشەسەندن لای منداڵ، لە ئەنجامی ئەمەشدا لەوانەیە لاوازی لە فێربوون و تێگەیشتن و پێشوازیکردن لای منداڵانی باخچە بێتە ئاراوەو لە ساڵانی داهاتووی تەمەنیدا لە کرداری فێرکاری دووربکەوێتەوە، ئەمەش یەکەم توێژینەوەیە کە توێژەران لە بواری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حکومی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی بدەن. کێشەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا خۆی لەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:ئەو پێوەرانە کامانەن کە پێویستە لە ئەنجامدانی کارەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵاندا هەبن، لەبەر رۆشنایی پێوەرەکانی دڵنیای جۆریدا؟ئاستی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی، پاڵپشت بە پێوەرەکانی جۆری و نایابیدا چەندن؟

**1-2 گرنگی توێژینەوە:**

پیشەی فێرکردن لەو پیشە مەزنانەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێت ئەنجامی بدات، هەروەها مەرج نییە هەر کەسێکیش ئەنجامی بدات مافی تەواوی خۆی پێ ببەخشێت. ئەم پیشەیە ئەوەندە شکۆیەی بەسە کە پیشە ی پەیامبەران بووە، سەرباری ئەوەی پیشەی هەموو ئەو زانایانە بووە کە لە بواری ئایندا کاریان کردووە، بۆیە هەر کەسێك چووە ناو ئەو بوارەوە، چ مامۆستا، یان بەرێوەبەر، یاخود سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، یان پەرەپێدەری پرۆگرامەکانی خوێندن بێت، یان نەخشەدانەر بێت و بەرپرسیارێتیی ئەو ئەرکە مەزنەی فێرکردن لە ئەستۆ بگرێت، بە جۆرێك کە ئامانجە پیرۆزەکانی بهێنێتەدی، کە گرنگترینیان ئامادەکردنی هاووڵاتیی سوودبەخش و بەرپرسە لە کۆمەڵگەکەی و پارێزەری دەستکەوتەکانی و توانای لەسەر رووبەڕووبوونەوەی بەرەنگارییە جیاوازەکانی هەبێت. ئەنجامدان و راپەڕاندنی ئەو ئەرکەش وەکو مامۆستایەك چەندین تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت کە بۆ هێنانەدیی ئامانجە پیرۆزەکانی کرداری فێرکردن سازو ئامادەی دەکات. (امبوسعدي واخرون،2019: 21).هەڵسەنگاندن یەکێکە لە گرنگترین دەروازە هاوچەرخەکانی پەرەپێدانی فێرکردن، چونکە لە میانییەوە ئەو کاریگەرییانە دەناسین کە پێشتر نەخشەسازییان بۆ کراوەو لە کردارەکانی فێرکردن و فێربووندا جێبەجێ دەکرێن، سەرباری خاڵی بەهێزو لاوازو ئینجا پێشنیاری ئەو رێگەچارانەی کە بەشداری لە جەختکردنەوە دەکەن لەسەر خاڵە بەهێزەکان و پشتگیریکردنیان و نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان و چارەسەرکردنیان. گرنگیی کرداری فێرکردن لە هەموو رەگەزەکانیدا دەردەکەون، بە تایبەتی ئەدائی مامۆستا لە سۆنگەی ئەوەی ئامانجێکە لە ئامانجەکانی دڵنیای جۆری ، بە جۆرێك نایابی و جۆرێتی هەر سیستەمێکی خوێندن و فێرکردن تا رادەیەکی زۆر لە سەر جۆری گوتنەوەی وانەکان راوەستاوە کە قوتابیان بەدەستی دەهێنن، بۆیە زۆر پێویستە ژمارەی تەواوی مامۆستایانی خاوەن کارامەیی بەرزی بۆ دابین بکرێت، لە کاتێکدا کە تواناو لێهاتوویی مامۆستایان پێشکەوتووەو دەرفەتی سیستەمی فێرکاریش لە هێنانەدیی ئامانجەکانی زیاتر بوون. (القاطی وبریکیت،2021،ص251). کرداری پەرەپێدان، یان چاکترکردنی ئەدائی مامۆستا، پێویستیی بە سەرنجدان و تێڕوانینێکی گشتگیرو هەمەلایەن هەیە، لە رەگ وریشەی هەر رێکخراوێکەوە دەست پێ دەکات، لەبەرئەوەی ئەگەر جەختکردنەوە لە چارەسەکردنی رووالەتی گرفتەکان و لایەنەکانی دەرەوەی بن، ئەو کاتە سەرلەنوێ ئەو گرفتانە سەرهەڵدەدەنەوە. وێڕای گرنگیی فێرکردن و مەشق و راهێنان بۆ بەرهەمی زیاتر، کەچی بەشێکی هەر بە داواکراوی دەمێنێتەوە، چونکە وێنەکە کاتێك تەواو دەبێت کە جەخت لەسەر هەموو سەرچاوەو دەرامەتە بەردەستەکان بکرێتەوە بۆ چاکترکردنی ئەنجامدانی کار، کرداری چاکترکردنی خودی ئەدائی ، بە جۆرێك لە جۆرەکانی فێرکردنی بەردەوام دادەنرێت، بەمەش

دابینکردنی گەنجینەی کارامەیی پیشەگەرانە لە ڕێکخراوەکەدا. (هلال،2016،ص7)، لە ئەنجامی بایەخی ڕۆڵی پێوەرەکانی بواری پەروەردە، چەندین دامەزراوەی جیهانی هاتەئاراوە کە بەرپرسیارێتیی دەستنیشانکردنی ئەو پێوەرانەی گرتەئەستۆ، نەك تەنها بۆ دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، بەڵکو بۆ خودی مامۆستایان بە بەمەستی دەستنیشانکردنی چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانیان بە شێوەیەکی باشترو سازو ئامادەکردن و بونیادنانی هزرو بیریان لەسەر نوێگەریی پەرەپێدانەکەو بەدەستهێنان و فێربوونی ڕێگەکانی کاری بیرکردنەوە بۆ تێگەیشتنی گۆڕدراوەکانی ژیان بە هەموو جۆرەکانییەوە. گرتنەبەری پێوەرە پەروەردەییەکانیش دەکرێ یارمەتیی چاکتر بەدەستهێنانی خوێندن بدەن بۆ فێرخوازان شانبەشانی ئەدائی کاری باشی مامۆستایان، بە جۆرێك ئەو پێوەرانە، ئەو لایەنانە دەستنیشان دەکات کە پێویستە بە شێوەیەکی روون و رەوان بخوێندرێن، هەروەها ئەوەی پێویستە فێرخوازان ئەنجامی بدەن، سەرباری هێنانەدیی چەمکی لێپرسینەوە لە کاتی هەڵبژاردنی بابەتی خوێندن و فێرکردن، هەروەها یەکخستنی بەرئەنجامەکی فێربوون، وێڕای ئەو ئازادییەی لە هەڵبژاردنی بابەتی فێرکاریدا دەیبەخشێت، بەپێی فەلسەفەی باو و پێداویستیە پێویستەکان. (سلطان،2017،ص3) بوونی پێوەری روون و رەوان و ئاستە دیاریکراوەکان بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵسوکەوتی پیشەیی مامۆستا، کە پێویستە یارمەتیی ئەمانەی خوارەوە بدات :نرخاندنی بابەتیانەی ئە دائی مامۆستا لە میانی بەراوردکردنی کارە کردارییەکانی بەو کردارانەی چاوەڕوان دەکرێت ئەنجامیان بدات:هاندانی مامۆستا بۆ بیرکردنەوە لە هەڵسوکەوتەکانی و دادگاییکردنی خودی، پاشانیش پەرەپێدانی ئەو هەڵسوکەوتانە یەك بە یەك و بە ئاراستەي ئاستەكانی ئەدائی دیاریکراوەکان کە ئەو پێوەرانە لەخۆی دەگرن. ئاراستەکردنی بەرنامەی گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایان لە کاتی خزمەت بە ئاراستەی ئامانجی پێویست و خوازراو، کە لە پێوەری هەڵسوکەوتە پیشەییەکان وەردەگیرێن و پێشوەختە لەسەری ڕێككەوتوون. (البيلاوي واخرون،2006،ص151). مامۆستای باخچەی منداڵان رەگەزێكی بنەڕەتییە لە بەرنامەی فێرکردنی منداڵان، چونکە پێویستیی بەوە هەیە کە ڕۆڵی جیاواز بگێڕێت بۆ هێنانەدیی ئامانجە پەروەردەییەکانی منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، ئەو باخچەی منداڵانەی کە نوێترین ئامرازەکانی فێرکردن و بەرزترین تواناکان لەخۆدەگرێت، توانای هێنانەدیی ئامانجەکانی نابێت، بە بێ بوونی مامۆستایەکی تایبەتمەندو پسپۆڕ، کە بە شێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی لە بوارە پیشەیي و ئەکادیمی و رۆشنبیری و تەکنەلۆژییەکاندا شیاندنی تەواوی بۆ نەکرابێت. (الحمادي،2019،ص7). سیستەمی دابینکردنی دڵنیای جۆری بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە سیستەمێك بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی هەڵە و کار لەسەر چاکترکردنی جۆرێتیی ئەدائی مامۆستا دەدات، هەروەها ئەو ئامرازانەش کە پێویستە جەخت لەسەر پێوەرە ئەکادیمییەکان بکەنەوە، کە ئاستی نیشتیمانی هێناوەتەدی و هاوشانی پێوەرە جیهانییەکان رێ دەکات، هەروەها دەرفەتی رەخساوی فێربوون و نایابی و جۆریی چالاکیە توێژینەوەییەکان و چالاکییەکانی خزمەتی کۆمەڵگە، بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی پێشبینییەکانی سەرجەم لایەنە دیاریکراوەکان. لە گرنگترین سیماو خەسڵەتەکانیشی: بوونی بەرێوەبردنێکی زانیارییەکان کە بەشداری لە ئەنجامدانی کاردا دەکات، بە شێوەیەکی کاراو چالاك و بوونی پەیامی دامەزراوە فێرکارییەکان، کە ئامانجی دابینکردنی جۆرێتی و پێوانەکردنی ئەنجامدانی کارە بە شێوەیەکی ورد لە میانی پێوەرەکانی ئەدائی باش، بە جۆرێك کە روون و رەوانی و دەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتییەکان هەبێت. (شريف،2014: ص28).ئەم سەردەمەی ئێستا خەریکە ناوی سەردەمی جۆرێتی Quality لێ بنرێت، هیچ نامۆییەکیش لەوەدا نییە، چونکە سەردەمەکە بە نوێترین دۆزینەوەو داهێنانی زانستی تێرو پڕ کراوە، هەروەها تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە بەرزترین ئاستي و سەرچاوەکانی زانیارییەکان و ئامرازەکانی راگەیاندنیش جۆراوجۆر بوون، بەڵکو جیهان بۆتە یەك ماڵ لە رووی زانیارییەکان و خێرایی و بەدواداچوونیان، ئەم هەموو زانیارییانەو پەرەپێدانە تەکنیکییانە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان وایکردووە بایەخ بە جەختکردنەوە لە جۆرێتی زانیاری و بەرهەم و ئەدائی بدرێت، سەرباری بەرهەمهێنان لە کار وەکو پێویستییەك کە گیانی سەردەمەکە دەیخوازێت. (إبراهيم ، 2003، ص15).

**3-1 : ئامانجەکانی توێژینەوە :**

1. بوونیادنانی پێوەری ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان پاڵپشت بەپێوەرەکانی دڵنیای جۆری.
2. زانین و ناسینی ئاستي ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان پاڵپشت پێوەرەکانی دڵنیای جۆری.

**4-1: سنوری توێژینەوە :**ئەم توێژینەوەیەی سنوردار کراوە بەهەڵسنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان (حکومی) پاڵپشت بە پێوەرەکانی دڵنیای جۆری - لە ناوەندی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە)، لە هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ساڵی خوێندنی (2021 – 2022).

**5-1: پێناسەی زاراوەکان:**

**1-5-1: هەڵسەنگاندن (التقويم Evaluation) :**

1- **رسول(2017)هەڵسەنگاندن لەرووی زمانەوانی** :بەمانای ڕاستکردنەوە یان چاكسازی دێت كاتێك لەرێچكەی راست لادان هەبێت، یان بەمانای نرخدان بەشتێك، بڕیاردانێكی گونجاوە بەسەر نرخی شتێكدا دوای پێوانەكردنی،هەروەها بەمانای (بەهاو نرخ وقەبڵاندن وهەڵسەنگاندن ...)یش هاتووە(رسول،2017،لا73).

2- **قادر(2020)**هەڵسەنگاندن بڕیاردانە لەسەر بەهای بابەتێك یان پرسێك یان هەڵوێستێك یان لایەن وبوارێك،بەراورد بە پێوەرێك یان (محەك)تەرازوو یان سەنگێكی دیاریكراو.(قادر،2020،لا33)

3- **بابان وئەوانەیتر(2021 )**هەڵسنگاندن دەركردنی بڕیارە لەسەر نرخی شتێك یان بابەتێك یا هەڵوێستێك، بەپشت بەستن بە پێوەری تایبەت ئەنجام دەدرێت. (بابان وئەوانەیتر،2021 ،لا189)

**1-5-2: هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستا (تقويم أداء المعلمEvaluation Teacher's Performance)**

1- **(عبيد،2005)** وا پێناسەی هەڵسەنگاندن دەكات بەوەی هەڵسەنگاندنێكی بێلایەنانەی ئەدائی مامۆستایان و تواناكانیان و خاڵی لاوازو ئاراستەكردنی تایبەتە بە پەرەپێدان ئەدائییان. (عبيد،2005،ص69).

2-**(السعدوي،2018)** بەوە پێناسەی دەكات كە هەڵسەنگاندنێكە پشت بە تێبینكردن و مەزەندەكاری دەبەستێت، چونكە رێگەیەوە قوتابیان دەچنە ناو ئەو چالاكییانەی پێویستییان بە بەكارهێنانی كارامەییەكانی كار، یان ئامادەكردنی بەرهەم، پاشانیش بڕیاردان لەسەر جۆرێتی هەیە (السعدوي،2018، ص65).

**پێناسەی رێكاری**: كرداری پێوانەكردنی ئاستی پێشكەشكردنی مامۆستایانە لە دەستكەوتی ئەو ئەركانەی دەخرێنە ئەستۆیان، بەپێی پێداویستییەكانی ئەركەكانی، ئەوەش لە بەر رۆشنایی هەندێك پێوەر، یان مەحەك كە ئاماژە بە ئاستی ئەدائی دەكات.

**1-5-3: مامۆستایانی باخچەی منداڵان (معلمات رياض الأطفالFemale Teacher Kindergarten).**

**(الحمادي،2019)** بەوە پێناسەی مامۆستای قۆناغی باخچەی منداڵان دەكات كە: ئەو مامۆستا ئافرەتانن كە منداڵی قۆناغی باخچە پەروەردە دەكان وە كۆشش بۆ هێنانەدیی ئامانجە پەروەردەییەكان دەدەن كە پێویستییان بە پرۆگرام هەیە، ئەوەش بە رەچاوكردنی تایبەتمەندییەكانی تەمەنی ئەو قۆناغەو خولانەوەی جۆرەكانی چالاكی و رێكخستنیان لە ژووری چالاكی و دەرەوەیدا، هەروەها خاوەنی كۆمەڵە تایبەتمەندییەكی كەسێتی و كۆمەڵایەتی و پەروەردەیین كە لە مامۆستایانی قۆناغەكانی دیكەی خوێندن جیاوازن. (الحمادي،2019،ص15).

**1-5-4: پێوەرەكان معايير Standards:**

1-**(پێوەرەكانی پشتبەستنی دامەزراوەیی نیشتیمانی، 2018)** بەوەی پێناسەی پێوەرەكان دەكات كە: بڕیادران، یان بنەما، یاخود ئاستێكی دیاریكراوە، دامەزراوە فێركارییەكە كۆشش بۆ ئەوە دەكات تاكو پێی بگات، بەوەی مەبەستێكەو دەبێ بهێنرێتەدی، بە ئامانجی پێوانەكردنی واقیع لەبەر رۆشناییەكەیدا، بۆ ناسینی ئاستی نزیككەوتنەوەی ئەو واقیعە بە ئاستی پێویست. (معايير الاعتماد المؤسسي الوطنيةلمؤسسات التعليم العالي في العراق،2018، ص2).

2-**(الحارثي،2014)** بەوە پێناسەی دەكات كە كۆمەڵە زانین و كارامەییەكی بنەڕەتییەو وا چاوەڕوان دەكرێ قوتابیان بەدەستی بهێنن و فێری بن و بیخەنەگەڕ، كە رێگە بە قوتابیان دەدات بۆ بەدەستهێنان و فێربوونی رۆشنبیریی كۆمەڵگەو خواست و ئاواتە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی. (الحارثي،2014،ص81).

**1-5-5:دڵنیای جۆری ضمان الجودةQuality Assurance :**

1 -:**(ISO 9000 :2000)** بەوە دڵنیای جۆری پێناسە دەكات كە بە واتای نایابی و جۆرێتیی نمرەو پلەی وەڵامدانەوەی كۆمەڵە سیمایەكی بۆماوەیی دێت لە بەرهەمێك بۆ داخوازیی بەكاربەرێك (كەسێك سوودی لێوەربگرێت). (ISO 9000 :2000 : p13).

2-: **(قاسم وشحاته،2014)** بەوە پێناسەی دەكەن كە كردارێكی وەبەرهێنەرانەیە بۆ پێداچوونەوەی ئەدائی دامەزراوەیەك لەبەر رۆشنایی پێوەری دیاریكراو، میكانیزمێكی گشتگیرەو لە ئێستادا زۆربەی هەرە زۆری جیهانی گرتۆتەوە بۆ هەموو نرخاندنێك، بە جۆرێك كە جۆرێتیی ئەو كردارانە دەهێنێتەدی كە دەبنە مایەی نایابی و باشیی ئەو بەرهەمەی فێرخواز سوودی لێوەردەگرێت. (قاسم وشحاته،2014، ص445).

3-:**(البوهي، 2018)** بەوە پێناسەی دەكات كە كردارێكی بەردەوامی پێداچوونەوەی ئە دائی دامەزراوەییە لەبەر رۆشنایی پێوەرە دیاریكراوەكان، كە جۆرێتیی ئەو كردارانە دەهێنێتەدی كە خۆی لە فێرخوازدا دەبینێتەوەو دەبێتە مایەی جۆرێتیی بەرهەم. (البوهي 2018،ص 501).

**پێناسەی ڕێکاریی پێوەرەکانی دڵنیای جۆری (التعريف الاجرائي لمعايير ضمان الجودة):** لە رووی رێکارییەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە: توانای مامۆستایانی باخچەی منداڵانە لە باخچە حکومییەکان بە داواکاریی پیشەییانەی ورد، بەپێی پێوەرەکانی دڵنیای جۆری کە لەم توێژینەوەیەدا لە دە (10)بواردا دەستنیشان کراوە، بڕیاردان لەسەر جۆرێتی و باشییەکەیشی لەسەر جۆرێتیی وەڵامدانەوەی مامۆستایان راوەستاوە لە میانی وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو راپرسییەی کە توێژەر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە.

**2: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتر (الاطار النظري والدراسات السابقة)**

**1-2: چوارچێوەی تیۆری (الاطار النظري):**

**1-1-2:** چەمکی هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستا (مفهوم تقويم أداء المعلم): توێژەر پێی وایە کە پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵگەکان شتێك نین جگە لە هێنانەدیی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان لە لایەن دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە، هێنانەدیی ئەم ئامانجانەش مەحاڵە، تەنها لە میانی رەگەزی بنەڕەتییەوە نەبێت، کە ئەویش مامۆستایە، بۆیە هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستا، کردارێکی بنەڕەتییە بۆ دابینکردنی جۆرێتیی فێرکردن و هێنانەدیی کارێکی شارەزایانەو وردو باش. هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستا بایەخ و گرنگییەکی زۆری پێدراوە، لەبەرئەوەی وێنەیەکی راستەقینەی ئەوتۆ دەبەخشێت، کە لەسەر بنەمای کردارگەلێك دەربارەی مامۆستاو زانینی ئاستی سەرکەوتن، یان شکست لەو ئەرکانەی خراونەتە ئەستۆی راوەستاوە. واتای زمانیانەی ئەدائی (الاداء): بێژەیەکی وەرگیراوە لە کرداری کارێکی ئەنجامدا (أدى الشئ): گوتی وئەنجامیدا: گەیاندی پێی و کارەکەی ئەنجامداو خۆی بۆ ئامادەکرد (المعجم الوسط:10). پێناسەی چەمکی ئەنجامدانی ئەدائی مامۆستا (أداء المعلم) زۆرو هەمەجۆرن، هەتا لە داڕشتن و روواڵەتەکەیشیدا جیاوازی هەیە، بەڵام لە کرۆك و ناوەڕۆکەکەیدا لەسەری رێککەوتوون، بە جۆرێك کە (فلية وعبد المجيد،2005،ص287) وا پێناسەیان کردووە بەوەی: ئەو کردارەیە کە پێوانەی تواناو لێهاتوویی مامۆستا دەکات بە ئامانجی ناسین و زانینی لایەنی بەهێزو بێهێز لای، یان راپۆرتێك دەربارەی خەسڵەتە رەفتارییەکانی لە کاتی هەڵسوکەوت و ئەنجامدانی کارەکەی لە لایەکی دیکەوە. هەروەها (عطاري والشنفري،2005،ص248)یش بەوە پێناسەی دەکەن کە کردارێکە بە شێوەیەکی فەرمی بۆ پشکنینی ئەدائی مامۆستا نەخشەسازی بۆ کراوە، بە ئامانجی دەرکردنی بڕیار لەسەر کارەکەی بە مەبەستی لایەنی فەرمانبەری (بەرزکردنەوە- سزادان- بەخشینی سەرمووچە)، یان بە مەبەستی پیشەییانەی وەکو پێشکەشکردنی پەرچەخۆراك (تغذيە راجعة)ی مامۆستاو چاکترکردنی کارەکانی و ئاراستەکردنی، یان بە مەبەستی پلاندانانی هێزی مرۆیی، کرداری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستاش بەرئەنجامەکانی بەشی بینراو لە لایەنەکانی ئەدائی مامۆستا لەخۆدەگرێت، بەرەو گشتێکی نەبینراوی کارەکانی. کرداری هەڵسەنگاندنی ئەدائی (الاداء)، وەرگرتنی بڕیاری گونجاوە بۆ رێکارییە چاکسازییەکان، ئەگەر پێویستیی بەوە کرد. (حسن حسين البلاوي وآخرون،تحرير،2006،ص161)، بەدەستهێنانی زانیارییەکانیش دەربارەی ئاستی کارمەندان و ئاستی چالاکییەکانیان لە گرنگترینی ئەو ئامانجانە دادەنرێن کە بە واتای هەڵسەنگاندنی کار دێن، تەنها لەسەر ئەوەش نەوەستاوە، چونکە بایەخەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانیارییە جیاوازانەی کە پێشکەشی لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەکات لە دامەزراوەیەکی دیاریکراو، دەکرێ تاك سوود لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ئەدائی ببینێت، لەوەی بەرەو ئاستی سەرکەوتن، یان شکست رێنمایی بکات، لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی (حسين،1999،ص14). لەبەرئەوەی ئەدائی (الاداء) لەو چەمکە گرنگانەیە کە بایەخی لایەنە پەیوەندیدارەکانی لە هەڵوێستێکی فێرکاری لەخۆدەگرێت، بۆیە بانگەواز بۆ گرتنەبەری ئەو چەمکە سەریهەڵدا، چونکە کارایی ئەدائی مامۆستایان چاکتر دەکات و گۆڕانکاریی کاراش لە کارەکانیان دەهێنێتە ئاراوە، جا مادام ئەنجامدانی ئەدائی مامۆستا ئەوەندە گرنگ بێت، ئەوا هەڵسەنگاندنی ئەو کارە بە یەکێك لەو بنەمایانە دادەنرێت کە دەکرێ لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی کاری مامۆستایان و مەزەندەکردنی ئاستي تواناو لێهاتوویی و چاکترکردنی لایەنە جۆرییەکاني کارەکانیان پشتی پێ ببەسترێت، زێدەباری ئەوەی هەڵسەنگاندن پەرچەخۆراکێکەو پەرەپێدانی کرداری پەروەردەیی بە لایەنە جیاوازەکانییەوە لەخۆدەگرێت. (حسن ،1978،ص13).

**2-1-2: بەڕێوەبردن و هەڵسنەگاندنی ئەنجامدانی ئەدائی مامۆستای باخچە (الإدارة وتقويم أداء معلمة الروضة):** ئامانجەکانی کرداری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستا جۆراوجۆرن، وێڕای ئەوەش دەکرێ دوو تەوەری سەرەکی و بنەڕەتی دەستنیشان بکرێن کە ئەو ئامانجانەیان لە دەور کۆبنەوە، ئەو دوو تەوەرەش بریتین لە:

**یەکەم:** چاکترکردن، یان پەرەپێدانی کرداری فێربوونی منداڵان.

**دووەم:** دابینکردنی باشترین ئەنجامدانی ئەدائی مامۆستایان لە دامەزراوە پەروەردەییەکان و پێشکەشکردنی باشترین ئاست لە کارە پەروەردەییەکانی منداڵان و خەمخۆرییە پەروەردەییەکانی باوان و سەرپەرشتیارانی کاروباری منداڵان.

**چەندین ئاراستەی نوێش بۆ کرداری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستای باخچە سەریانهەڵداوە، لەوانەش:**

ئاراستەی ئاراستەکردنەکان و سەرپەرشتیکردن لە چوارچێوەی ئەو ڕێکارییانەدا بن کە بۆ پەرەپێدانی ئەدائی مامۆستا وەردەگیرێن و دەگیرێنەبەر،بایەخدان بە فراوانکردنی بوارەکانی تێبینیکردنی ئەدائی مامۆستایان و نەهێشتنەوەی ئەو تێبینیکارییە لە سەر ئەنجامدانی کاری ناو ژووری چالاکییەکان، بەڵکو هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە کە پەیوەستن بە سرووشتی پیشەی پەروەردەو گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستا،بەشداریکردنی هاوڕێیانی کار لە کردارەکانی هەڵسەنگاندن، ئەمەش تەنها لەسەر ئاراستەکەرەکان (الموجهات) نەبێت وپشتگیریکردنی سەربەخۆیی مامۆستاو بیرکردنەوەی نوێکاری و داهێنەرانە لای، دەکرێ ئەم ئاراستەو ڕێنماییە نوێیانە لە میانی هاندانی مامۆستایانەوە جێبەجێ بکرێت بە بەشداریکردنیان لە کرداری خود هەڵسەنگاندن و بەشداریکردنیان لەگەڵ ئاراستەکەرەکان لە مەشق و ڕاهێنانەکان و کۆنگرە وەرزییەکان، ئەوەش بە مەبەستی سوودی داخوازی و پێویستییەکانی گەشەی پیشەیی مامۆستاو هێنانەدیی گەشەپێدانی گشتگیرانەی منداڵی باخچە. (فهمي،2004،ص31).

**3-1-2: بوارەکانی پێوەرەکان(مجالات المعايير):**

**1-پێوەرەکانی ناوەڕۆك (معايير المحتوىContent Standards):** بریتییە لە بەڵگەی نەخشەسازیکردنی بەرنامەی فێرکاری، یان بەڵگەی پشکنینی جۆرێتی و ڕوونکردنەوەی کارامەییەکان و ئەو چەمکانەی کە دەخوێندرێن، ئەوەش بە هۆی ئەوەی بەشێکی جیانەکراوەن لە چوارچێوەی میتۆدی قوتابخانەیی، هەروەها بریتییە لە باسکردنی ئەوەی پێویستە مامۆستایان لە کاتی وانەگوتنەوەدا ئەنجامی بدەن و ئەوەی پێویستە قوتابیانیش فێری ببن، ئەم وەسف و باسکردنەش دیاریکراو و ڕوون و ڕەوانە بۆ مەعریفەو ئەو کارامەییانەی کە پێویستە بە قوتابی بخوێندرێن.

**2-پێوەرەکانی ئەدائی (معايير الاداء Performance Standards):**ئەمەیان ئەو ژینگەیە دەستنیشان دەکات کە پێویستە ئەوە بسەلمێنێت مەعریفەو کارامەییەکانی ناو پێوەرەکانی ناوەڕۆك بەدەست دەهێنێت. پەیوەستیشە بەوەی دەبێ قوتابیان توانای ئەنجامدانیان هەبێت. لێرەوە نەخشەکاری و پلانی پەیوەست بە ئاستەکانی ئەنجامدانی کارو جۆرە بەڵگە پەسەندکراوەکان دادەنرێت، کە ئەوە دیاری دەکات، ئایا بەرانبەری پێوەرەکانی ناوەڕۆك کراوە یان نا، بە جۆرێك وا لە پێوەرەکانی ناوەڕۆك بکات ڕێکارییانەو کردارییانە بێت. لە هەمان کاتیشدا کار لەسەر وەسفکردنی ئەدائی (Performance Description) بکات، هەروەها پێوەرەکانی ناوەڕۆك شیدەکاتەوە بەوەی بنەڕەتین و دەکرێ بنرخێندرێن. سەرباری ئەوەی نموونەکانی کاری خوێندنی قوتابی (Samples of Work Student) دەستنیشان دەکەن، ئەمەش بەدواداچوونی نموونەی کاری قوتابي (Commentaries on Student Work) لەخۆدەگرێت و نموونەکانی کاری قوتابی بەراورد دەکات و بەدواداچوون بۆ ڕاڤەکردنی چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی کاری قوتابی دەکات لە جۆرێتیی داواکراو.

**3-پێوەرەکانی دەرفەتی فێربوون (معايير فرص التعلم(Opportunity to Learn Standards):** ئەو پێوەرانە دەگرێتەوە کە نمرەو ئاستی دابینکردنی میتۆدو بەرنامەکان و ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەو سەرچاوە جۆراوجۆرەکان دەستنیشان دەکەن، کە قوتابخانەو سیستەمی خوێندن و فێربوون دەستەبەرو دابینیان دەکەن، بۆئەوەی قوتابی توانای فێربوونی ناوەڕۆکەکەی هەبێت و بەرانبەری لەگەڵ پێوەرەکانی ئەنجامدانی کاری خوازراو بکات. (الزاملي،2017،ص46).

**4-پێوەرەکانی وانەگوتنەوە (معايير التدريسTeaching Standards):** بریتین لەو دەستەواژانەی کە بە وردی وەسفی ئەو شتانە دەکات پێویستە مامۆستایان بیزانن و توانای ئەنجامدانیان هەبێت، ئەوەش لە پێناوی چاکترکردنی فێربوونی قوتابیان لە میانی کرداری وانەگوتنەوە. بە واتایەکیتر: بریتییە لە تێکڕای ئەوەی پەروەردەکاران پێویستیان پێیەتی بیزانن و ئەنجامیشی بدەن، مەبەست لەوەش زانین و کارامەییەکان و ئاراستە پێویستەکانی وانەگوتنەوەی باشە.

**5-پێوەرەکانی مەزەندەکردن (معايير التقديرAssessment Standards ):** بریتین لەو مەحەکانەی (Criteria) بڕیار لەسەر جۆرێتیی هەڵسوکەوتی مەزەندەکردن (هەڵسەنگاندن)و شێوازێك لە شێوازەکانی ئەو پێوەرانەی کە بۆ بڕیادان لەسەر جۆرێتیی ئەو شێوازانەی لە نرخاندن و هەڵسەنگاندنی فێرخوازاندا بەکاردەهێنرێن.

**5-پێوەرەکانی گەشەپێدانی پیشەیی (معايير التنمية المهنية (Professional Development Standards):**بریتییە لە کۆمەڵە ئاراستەکارێك لە کۆلیژەکانی زانستەکان و ئاداب و پەروەردە، کە بەشداری لە ئامادەکارییە بەراییەکانی مامۆستا دەکەن بەر لەوەی روو بکاتە خزمەتی مامۆستایەتی، هەروەها ئەوانەی هەڵبژاردن و نەخشەسازیی چالاکییەکانی گەشەپێدانی پیشەیش دەکەن، واتە: تێڕوانینێك دەربارەی گەشەپێدانی لایەنە مەعریفی و ویژدانی و پیشەییەکانی مامۆستا پێشکەش دەکات. (سعادةوالعميري،2019 ،ص265).

**2-1-4: تایبەتمەندییەکانی پێوەرە پەروەردەییەکان (خصائص المعايير التربوية):** لەوانەیە پێوەرەکان لە ڕێکخراوێك (دەستەیەك)ی پشت پێبەستراو بۆ یەکێکیترو لە ناوچەیەکیشەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، هەلومەرج و سرووشتی هەر ناوچەیەك جیاوازییان هەبێت، بەڵام ژمارەیەك تایبەتمەندی و خەسڵەت هەن پێوستە لە پێوەرەکاندا هەبن و پێویستیشە بەم جۆرە بن:

1. گشتگیر بن: بە جۆرێك تاووتوێی لایەنە جیاوازو تێکچڕژاوەکانی کرداری فێرکاری و پەروەردەیی و ڕەفتاری بکەن.
2. بابەتیانە بن: بە جۆرێك جەخت لەسەر لایەن و کاروبارە گرنگەکانی سیستەمی خوێندن بکەنەوە بەبێ لایەنگیری و لەو کاروبارو وردەکارییانەش دوور بکەونەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی ناکات.
3. نەرمونیان بن: تاکو بتوانرێت لە سەر بوارو کەرتە جیاوازەکان و بەپێی هەلومەرجی ژینگەیی و جوگرافی و ئابووریی جیاواز لە ئەردەن پیادەو جێبەجێ بکرێن.
4. کۆمەڵگەیی بن: واتە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی کۆمەڵگەو خزمەتگوزارییەکانی بن و لەگەڵ پێداویستییەکانی و هەلومەرج و پرسەکاندا یەك بگرنەوە.
5. بەردەوام و پەرەسەندوو بن: تاکو بتوانرێت بۆ ماوەی زۆرو درێژخایەن پیادەو جێبەجێ بکرێن و شایانی هەموارکردنەوەو گۆڕانکارییەکان و پەرەسەندنە زانستییەکان و تەکنەلۆژییەکان بن.
6. شایانی پێوانەکردن بن: تاکو بتوانرێت دەرهاویشتە جیاوازەکانی خوێندن و فێربوون بە پێوەرە ڕێکخراوەکان بەراورد بکرێن بۆ راوەستان لەسەر جۆرێتیی ئەو دەرهاویشتانە.
7. ڕێساو بنەمای هاوبەشی بهێنێتەدی: لە سەر بنەمای هەمەجۆر بونیاد بنرێت و لە لایەك لە کاتی ئامادەکردنیاندا سوود لە کۆمەڵگە وەربگیرێت و لە لایەکی دیکەشەوە ئەنجامەکانی هەڵبسەنگێندرێت.
8. ڕەوشتیانە بن: پشت بە لایەنی ڕەوشتی ببەستن و ڕەچاوی نەریت و ڕەفتارەکانی کۆمەڵگە بکەن.
9. پاڵپشتیکار بن: لە خودی خۆیدا تەنها ئامانج نەبن، بەڵکو میکانیزمێك بن بۆ پشتگیریکردنی کرداری خوێندن و فێربوون و بەرەو پێشبردنی.
10. نیشتیمانپەروەرانە بن: بە جۆرێك خزمەتی ئامانجەکانی نیشتیمان و پرسەکانی بکەن و ئامانج و بەرژەوەندە باڵاکانی نیشتیمان لە بەرایی کارو چالاکییەکانیان بن. (قطيشات،2022،ص69-71).

**2-1-5 بوارەکانی جۆرێتیی لە باخچەی منداڵاندا (مجالات الجودة في رياض الأطفال) :**جۆرێتی بواری زۆر لە خۆدەگرێت، زۆربەی پەروەردەکارانیش لەسەر پۆلینکردنی بۆ بواری جۆراوجۆر کۆك و هاوڕان، گرنگترینی ئەو بوارانەش: ئەندامی دەستەی وانەگوتنەوەو قوتابی و بەرنامەکانی خوێندن و ڕێگەکانی وانەگوتنەوەو تێچوو و کەرەستەکان و ئامرازەکان و یاساو تەشریعاتەکان و کتێب و ئەنجامدانی کاری فێرکاری، دەکرێ بوارە پەیوەستەکان بە جۆرێتییەوە لە باخچەی منداڵان لەم شەش بوارەی خوارەوە پوخت بکرێنەوە کە بریتین لە مامۆستاو منداڵ و پرۆگرام و تەلاری خوێندن و کەرەستەو کارگێڕی.

1-مامۆستـــای باخچە: مامۆستای باخچـــە بە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتیی کرداری پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردەی باخچە دادەنرێت، تەوەرەکانی بایـــەخدانیش لە ڕووانگەی کۆمەڵە پێوەرێکی پـــەیوەست بە بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستای باخچەی منداڵانەوە تاووتوێی جۆرێتیی مامۆستای باخچـــە دەکات، دەستپێك لە لە کرداری وەرگرتن لە کۆلێژەکانی باخچەی منداڵانەوە.

2-منداڵی باخچە: ئەمەیان مەبەستی کردارە پەروەردەییەکەو تەوەرە سەرەکییەکەیەتی، لەبەرئەوەی مەبەستی چالاکییەکان و شێوازەکان، هەر هەموویان دەڕژێنە بەرژەوەندیی هێنانەدیی ئامانجە گەشەییەکانییەوەو توانای مامۆستاو کارگێڕی و کارمەندانی باخچە هەر هەموویان لە پێناو دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو و مەرجە شیاوەکانی هێنانەدیی پەرەسەندن و گەشەسەندنی منداڵی باخچەدا کۆشش دەکەن.

3-کارگێڕی و یاسادانراوەکانی پەیوەست بە باخچە: کارگێڕیی سەرپەرشتیکارو ئاراستەکردنی تێکرای ئەو شتانەی لە باخچەدا ڕوودەدەن لە میانی هەستکردن بە نایابی و جۆرێتی کاری پەروەردەییە لە باخچە دا.

4-نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ئەدائی و دەرهاویشتەکانی باخچەی منداڵان: بەرزکردنەوەی ئاستی جۆرێتی دامەزراوەکانی منداڵان پێویستییان بە نرخاندنی بوارە پەیوەستەکانەوە هەیە، دەستپێك لە نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستای باخچەو ئاستی تێگەیشتن و فێربوونی منداڵان لە ئەزموونەکان و پەرەسەندنەکان لە بوارەکانی گەشەسەندنیان و ئاستي جۆرێتیی کاری کارگێڕی و ڕێکوپێکیی تەلارو کەرەسەکانە.

5-تەلاری باخچەو کەرەسەکان لە دامەزراوەی باخچەی منداڵان: ئەم پێوەرە بە واتای ئەوەی پەیوەستە بە تەلاری باخچەی منداڵان دێت، لەوەی تایبەتە بە شوێنی باخچە کە پێویستە لە هەراو دەنگەدەنگ و شوێنی قەرەباڵغ و پیس و ناشایستە دوور بێت ، کە پێویستە بەشی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت، وەکو (کارگێڕی، هۆڵی یاریکردنی کۆمپیوتەرو دەستشۆرو wc). سەبارەت بە کەرەستەو پێداویستییەکانی باخچەش، دەبێ کۆمەڵە پێوەرێکی پەیوەست بە کەرەستەو ئامرازەکان و یارییەکان و کەلوپەلەکان هەبن.

6-پێوەرەکانی سەلامەتیی منداڵان لە رووی دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ئامرازەکانی خوێندن و فێربوونی تەکنەلۆژی: ئاوێتەکردنی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا لە خوێندن، بۆتە پێویستییەکی ئەوتۆ کە ناکرێ دەستبەرداری بن، چونکە ئەو لە رێگەی خۆیەوە قەرەبووی ئامرازە نەریتی و کۆن و بەکارهێنراوەکان دەکات لە باخچەی منداڵان، باخچەی منداڵانیش یەکێکە لە قۆناغە یەکلاییکەرەوەکان کە رۆڵی گرنگی خۆی لە سازدان و ئامادەکردنی منداڵاندا دەبینێت وتوانایان لە رووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە جیاوازەکان. (عمر ،2015،ص 597-598).

**2-2-2: لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر:**

**1-2-2: لێکۆڵینەوەکەی مستەفا (2014):**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی تواناو ئاستی (الکفایات) ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بوو. لێکۆڵینەوەکە رێبازی (میتۆدی) وەسفی گرتبووەبەر و فۆرمی راپرسی وەکو ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنابوو. کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە لە مامۆستایانی باخچەی مندڵان پێکهاتبوو لە یەکەی کارگێڕیی (الحصاحیصا) کە ژمارەیان (386) مامۆستا بوو، بەڵام چاوگەنموونەی (عینە)ی لێکۆڵینەوەکە لە (155) مامۆستا پێکهاتبوو لە یەکەی کارگێڕیی (الحصاحیصا)، لێکۆڵینەوەکە بەرنامەی پاکێجی ئاماریی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی (spss) بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێنابوو، لەبەر رۆشنایی شیکردنەوەی داتاکان، لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەوەی کە ئاست و توانای کەسایەتی (الکفایات الشخصیە)، رێژەیەکی بەرزی هەیە.

**2-2-2: لێکۆڵینەوەی السبعاوی (2021):** ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی زانستەکانە لە قۆناغی سەرەتایی لە بەر رۆشنایی پێوەرەکانی جۆرێتیی گشتگیر، توێژەر رێبازی وەسفی بەکارهێنا کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش مامۆستایانی بابەتی زانستەکانی دەستنیشان کرد، لە قوتابخانەکانی موسڵ لە هەردوو لای چەپ و راست بۆ ساڵی خوێندنی (2020- 2021) کە ژمارەیان گەیشتە (451) مامۆستای ، توێژینەوەکە چاوگەنموونەی هەڕەمەکی هەڵبژارد، بەمەش ژمارەیان گەیشتە (70) مامۆستای توێژەر بە شێوەیەکی بنەڕەتی وەکو ئامرازی پێوانەکردنی گۆڕدراوەکان پشتی بە فۆرمی راپرسی بەست، کە توێژەر بەپێی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان ئامادەی کردبوو، ئامرازەکەش لە پێنج پێوەر پێکهاتبوون: (پلاندانان، ستراتیژییەکانی خوێندنی زانستەکان و بەڕێوەبردنی پۆل، بابەتی زانستی، بواری هەڵسەنگاندن، پیشەی مامۆستا)، راستگۆیی رووالەتی و راستگۆیی بونیادنان و هاوکۆلکەکانی رێکخستنی ناوخۆیی راپرسییەکەش دەرهێنرا، پاشان جێگیرییەکەیشی بە هەردوو رێگەی دووبارەکردنەوەو الفا کرونباخ دەرهێنرا، کە بە رێگەی دووبارەکردنەوە بەهای هاوکۆلکەی جێگیری گەیشتە (0.83) و بە رێگەی ئەلفا کرونباخیش گەیشتە (0.83). توێژەر شێوازی لیکرتی پێنجینەیی (لیکرت الخماسی) لە دەستنیشانکردنی جێگرەوەکانی راپرسییەکە بەکارهێناو دوای ئامادەکردنی راپرسییەکەش توێژەر لە رووی ئەلیکترۆنییەوە لەسەر چاوگەنموونەکانی توێژینەوەکەپیادەو جێبەجێی کرد، هەروەها توێژەر هەگبەی ئاماری (SPSS) بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێنا، ئینجا شرۆڤەی کردن. توێژەر گەیشتە ئەودەرئەنجامانەی بوونی جیاوازیی مەعنەویی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان مامۆستایانی زانستەکان بەپێی پێوەرەکانی جۆرێتیی گشتگیر بەپێی رەگەز لە بەرژەوەندیی مامۆستایانی ئافرەت. سەرباری نەبوونی جیاوازییە مەعنەوییە بەڵگەدارییە ئامارییەکانی نێوان مامۆستایانی زانستەکان بەپێی پێوەرەکانی جۆرێتیی گشتگیرو بەپێی ساڵانی خزمەت.

3-2-2: **شیکردنەوە بەراوورد کردنی توێژینەوەکانی پێشوو بەم شێوەیە:**

**1-ئامانجەکان:** ئامانجی توێژینەوەیەکانی پێشووتر نزیکەلەگەل ئامانجی توێژینەوەی ئێستامان لەرووی هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان بەپێی گۆراوەکان وەکو توێژینەوە(مستەفا ،2014)وتوێژینەوەی (السبعاوی،2021)وەجیاوازی لەگەل توێژینەوەی (مستەفا ،2014) لەدیاریکردنی ئامانجەکانی بونیادنانی پێوەری ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەهەرێمی کوردستانی عێراق .

**2-میتۆدی توێژینەوە: :** توێژینەوەیەکانی پێشووتر پشتیان بەستوە لە میتۆی وەسفی شیکاری لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتیەکان، لێکۆلینەوەکەی ئێستا هاوشێوەیەك لەگەڵ لێکۆلینەوەکان پیشووتر لە رووی پشتبەستنی بە میتۆدی وەسفی بەپێیەی هەوڵ دەدات بۆ پێوانەکردنی پێوەری ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

**3-نمونەی توێژینەوە کە:** نموونەی توێژینەوە کەی ئێستا کە پێکهاتووە لە (409) مامۆستای باخچەی منداڵان ئەویش زۆرترین ڕێژەیە سەبارەت بە توێژینەوە کانی پێشووتر.

**4-ئامرازەکانی توێژینەوە:** توێژینەوەیە ئێستا جیاوازە لە توێژینەوەکانی پێشووتر لە بونیادنانی پێوەری ئەدائی مامۆستایان لە ڕووی شێوەوە و ناوەڕۆکەوە، بەتایبەتی توێژینەوەی(مستەفا ،2014) پێشووتر پشت بەستراوە بە پێوەری ئامادەکراو و جێبەجێکردنی لەسەر ئەندامانی نموونەی لێکۆلینەوەکە وەتوێژینەوەی ئێستا تاك توێژینەوەیە لە باخچەی منداڵان لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

**3-:ڕێکارییەکانی توێژینەوە(إجراءات البحث):** ئەمە بەشە تاووتوێی وەسفکردنی ڕێکارییەکانی توێژینەوەکەو ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو چاوگەنموونەکەی و ئامرازەکانیدا هەیە لە ڕووی بوونیادنان و بەکارهێنان و پیادەو جێبەجێکردن و ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە لە چارەسەرکردنی داتاکان بەکارهێنراون بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، وا لە خوارەوەش ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو.

**1-3:میتۆدی توێژینەوەکە منهجية البحثMethod of Research:** توێژەران میتۆدی وەسفي بەکارهێناوە، ئەوەش بەهۆی گونجانی لەگەڵ سرووشتی توێژینەوەکە.

**2-3: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە مجتمع البحثSociety of Research** : تێکڕای ئەو تاکانە، یان ئەو شتانە یاخود ئەو کەسانەیە کە بابەتی گرفتی توێژینەوەکە پێکدەهێنن و بریتین لە هەموو ڕەگەزە پەیوەندیدارەکانی گرفتی توێژینەوەکە کە توێژەر کۆشش دەکات بۆ گشتاندنی بەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە (عباس واخرون،2014،ص217)، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا پێکهاتووە لەمامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2021- 2022) دەستنیشان دەکات. لە ئەنجامی سەردانیکردنی توێژەران بۆ وەزارەتی پەروەردە دەرکەوت بەپێ کتێبی ئاسانکاری کەلەپاشکۆ() دایەکە ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) گەیشتە (2728) مامۆستا. خشتەی (1) ئەوە دەردەخات

**خشتەی(1) کۆمەڵگەی گشتی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە و ڕێژەکەی بەپێی تاکەکانی نموونەکە بەرێژەی سەی دەردەخات**

| ژ | پارێزگا | ژمارەی مامۆستایان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| -1 | هەولێر | 728 | % 26.69 |
| -2 | سلێمانی | 1019 | %37.35 |
| -3 | دهۆك | 769 | %28.19 |
| -4 | هەڵەبجە | 212 | %7.77 |
| | کۆی گشتی | 2728 | %100 |

**3-3: نموونەی توێژینەوەکە (عينه البحث) Sample Research:** بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت، توێژەر ان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لەسەری ئەنجامی دەدات، ئەوەش بەپێی بنەمای تایبەت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات نوێنەرایەتییەکی دروست، (العزاوي،2008 ،ص161) بەوە پێناسەی کردووە: ڕێکارییەکانی بونیادنانی پێوەری ئەدائی مامۆستایان پێویستییان بە پیادەو جێبەجێکردنی پێوەر هەیە بۆ چەندین جارو بەپێی سرووشتی ڕێکارییەکانی بونیادنانی پێوەر، بۆیە توێژەران لە کاتی خۆیدا چۆنیەتیی هەڵبژاردنی نموونەکەو پیادەکردنی هەر یەکێکیان روون دەکاتەوە.

**3-4- 4 ئامرازەی توێژینەوە (أداة البحث):** مەبەست لێی ئەو ئامرازو ڕێگەیەیە کە توێژەران لە ڕێگەیانەوە دەتوانێت گرفتەکانی چارەسەر بکات، هەرچەندە ئەوانە ئامراز یان داتا، یان نموونە، یاخود دەزگا بن (محجوب،2002،ص163)، لە سۆنگەی سرووشتی توێژینەوەکەش توێژەر ان بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە، وەکو ئامرازی پێوانەکردنی گۆڕدراوی توێژینەوەکە، وا لە خوارەوەش وەسفی میکانیزمی بونیادنانی ئامرازی توێژینەوەکە دەکەین کە خۆی لە ڕاپرسیی هەڵسەنگاندنی ئامرازەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵاندا دەبینێتەوە، بەپێی پێوەرەکانی دابینکردنی جۆرێتی و وەسفکردنی ڕاپرسییەکەو هەنگاوەکانی ئامادەکردنی: بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی توێژینەوەکە وا لەسەر توێژەر پێویست بوو کە ئامرازێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان باخچەی منداڵان بونیاد بنێت، ئەوەش بە پشتبەستنی بە ڕاستییەکان و داتاکان کە لە ئەزموونی دانەری پێوەرەکەوە سەرچاوەیان گرتووە، یان لە ئەزموونی تایبەتمەندانی بواری نەخشەسازیکردنی پێوەر، بە جۆرێك هەر یەکە لە (Allen& Yen) ئاماژە بەوە دەدەن کە کرداری بونیادنانی هەر پێوەرێك بەپێی ئەم هەنگاوە بنەڕەتیانە بەڕێوەدەچن و برتین لە:

پلاندانانی راپرسي، ئەوەش بە دەستنیشانکردنی ئەو تەوەرانەی ئاماژەکان دەگرێتەوە:داڕشتنی ب ئاماژەکانی هەر تەوەرێك،پیادەو جێبەجێکردنی ئاماژەکانی لەسەر نموونەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە،ئەنجامدانی شیکردنەوەی ئاماژەکانی راپرسیەکە. (Allen& Yen، 1979،ص37).

**1-4-3: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە:**

**1-دەستنیشانکردنی بوارەکانی هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان (تحديد مجالات التقويم أداء معلمات):** لەبەر رۆشنایی چوارچێوەی تیۆریی چەمکی هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان و پێناسەکانی و سەرنجدانی توێژەران لە چەندین ئەدەبیات و سەرچاوەو پێوانەو لێکۆڵینەوەی پێشووتر و دەستەی نیشتیمانیی عەرەبی، یان ئەمەریکی و ئەوروپیی جیهانی و بۆ مسۆگەرکردنی جۆرێتی و چاوپێکەوتنی هەندێك لە شارەزایان و تایبەتمەندان لە زانستە پەروەردەییەکان و رێگەکانی وانەگوتنەوە، راپرسییەکەی خستە بەردەمر ژمارەیەك لە شارەزایان و تایبەتمەندان لە پەروەردەو دەروونزانی و لەسەر بنەمای ئەوەش توانی بگاتە (10) بواری و(16) پێوەر وەهەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچە بە شێوازە بەراییەکەی کە بریتین لە: (ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا، پلاندانان و بەدواداچوون، بەڕێوەبردنی چالاکیی ناوپۆل و کارلێکی ئەرێنی، شێوازەکانی فێرکردن کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی مناڵە بۆ گەشەکردنیان، هوشیاریی ژینگەیی، تەندروستی و سەلامەتي مناڵ، گەشەپێدانی پیشەیی وشارەزایی و پسپۆری ، پالپشتی و پەیوەندی کردن لەگەڵ منداڵ، هاوبەشی کردنی مامۆستا لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگا، هەڵسەنگاندن). بە مەبەستی دڵنیابوون و جەختکردنەوە لە وردێتی و شیانی ئەو بوارانەو ئاستی گونجان و گشتگیرییان، یان نواندنکاریيان بۆ پێوانەکردنی هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان، ئەو بوارانە کە خرانە بەردەستی شارەزایان کە ژمارەیان (23) شارەزای بواری پەروەردەو دەروونزانی و پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی و رێگەکانی وانەگوتنەوە بوون، تاکو ئاستی شیانی بوارەکان و ئاستی لەخۆگرتنی چەمکی ئەدائی مامۆستایان مسۆگەر بکەن، هەروەها داوای لە هەر یەکێکانیش کرد راوبۆچوونی خۆیان لەسەر ئاستی شیاویی هەر بوارێکی چەمکی هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان و تێبینییەکانیان، یان زێدەکردنی هەر بوارێکی دیکە کە بە پێویستی دەزانن دەربڕن. لەبەر رۆشنایی وەڵامی 85%یان و تێبینی و راوبۆچوونەکانیان، توێژەریش ئەو بوارەی ئامادەکردبوو کە رێژەی هاوڕایی (85%)و زیاتریان لە بەرژەوەندییان بەدەستهێنا کە لە پێوەرەکەدا مسۆگەری کردبوو. (واتە رێژەی سەدی وەکو پێوەرێك بۆ ، یان لادانیان بەکارهێنرا هێشتنەوەی ئاماژەکان)،وە خشتەی (2) ئەوە روون دەبێتەوە.

خشتەی(2) پێکهاتەی پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان بەدیاردەخات بەرێژەی سەدی

| ز | بوارەکان | پێوەرەکان | گونجاوە | | گونجاونییە | | گرنگی سەنگی | % | ژمارەی ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | | | |
| 1 | ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا | خواست وئامانجە فێرکارییەکان | 23 | 100% | 0 | 0% | 8.348 | 83.5% | 8 |
| 2 | پلان دانان وبەدواداچوون | هە مەڕەنگی لەپلانرێژی چالاکییەکان | 22 | 96% | 1 | 4% | 7.565 | 75.7% | 8 |
| 3 | بەڕێوبردنی چالاکییەکانی ناوپۆل کارلێکی ئەرێنی | چاڵاکییە ئازادو ئاراستە دەرەکانی ناوپۆل | 22 | 96% | 1 | 4% | 7.727 | 77.3% | 8 |
| 4 | شێوازەکانی فێرکردن کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی مناڵە بۆ گەشەکردنیان | جیاوازییە تاکییەکان وکاریگەری لەسەرفێربوون<br>داین کردنی هۆکارەکانی یاریکرن وئامادەکاریەکانی | 23 | 100% | 0 | 0% | 7.522 | 75.2% | 8 |
| 5 | هۆشیاری ژینگەیی | دیزاینی ژینگەی فیزیکی<br>دیزاینی ژینگەی پەروەردەیی | 21 | 91% | 2 | 8% | 7.522 | 75.2% | 8 |
| 6 | تەندروستی وسەلامەتی مناڵ | بایەخدان بەپێوەرەکانی تەندروستی وسلامەتی وخۆراکی مناڵ | 21 | 91% | 2 | 8% | 7.565 | 75.7% | 8 |
| 7 | گەشەپێدانی پیشەیی وشارەزایی | خەسڵەتەکانی کەسایەتی وپەیوەستبون بەئاکاری پیشەیی | 23 | 100% | 0 | 0% | 9.043 | 90.4% | 9 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | وپسپۆری | پەیوەندییەمرۆییەکانی لەگەڵ مامۆستایانی هاوپیشەی لەباخچەی منالان | | | | | | | |
| 8 | پاڵپشتی وپەیوەندی کردن لەگەڵ منداڵ | هۆکارەکانی پاڵپشتی وپەیوەنیکردن لەگەڵ منداڵان<br>گفتوگۆ ودەمەقالێی منالان لەگەڵ مامۆستاکان | 21 | 91% | 2 | %4 | 7.826 | 78.3% | 8 |
| 9 | هاوبەشی کردنی مامۆستا لەگەڵ خێزان وکۆمەڵگا | کاراکردنی هاوبەشی کردن لەگەڵ خێزاندا<br>کاراکردنی هاوبەشی کردن لەگەڵ کۆمەڵگا | 23 | 100% | 0 | %0 | 9.087 | 90.9% | 9 |
| 10 | هەڵسەنگاندن | هەڵسەنگاندنی گەشە وئاستی فێربوونی منداڵ<br>هەمەجۆری لەهەڵسەنگاندن | 23 | 100% | 0 | 0% | 9.130 | 91.3% | 9 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | 83 |

2-: **ئامادەکردنی ئاماژەکانی(ئاماژەکان) پێوەری ئەدائی مامۆستایان**: دوای دەستنیشانکردنی بوارەکانی ئەدائی مامۆستایان و بە مەبەستی رووماڵکردنی ئەو بوارانە بە ژمارەی گونجاوی ئەو بڕگانەی کە توێژەر ئامادەی کردوون لە میانی سەرنجدانی لە چەندین ئەدەبیات و سەرچاوەو پێوەرو ئەزموونی کەسێتیی پەیوەندیدار بە بابەتی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاو بە پشتبەستن بە شێوازی دەستەواژەی راپۆرتییانە لە داڕشتنی ئاماژەکانی پێوەرەکە، چونکە باشترین شێوازی دیارو بڵاو بوون لە داڕشتنی ئاماژەکانی راپۆرتە خودییەکە. لەسەر بنەمای سەنگینی بایەخە دیاریکراوەکان (أوزان الاهميه المحدده) بۆ هەر بوارێك لەو بوارانەی پێشتر باسکران، ژمارەی ئەو ئاماژەکانە دیاریکران کە پێویستە بۆ پێوەرەکە ئامادە بکرێن، لەبەرئەوەی لەوانەیە بوارەکان لە ئاستی نواندنکاری یان نمرەی پێوانەکردنی ئەدائی مامۆستایاندا جیاوازییان هەبێت، چونکە لەوانەیە هەندێکیان بایەخی زیاتریان لە هەندێکی دیکەیان هەبێت لە پێوانەکردنیاندا، بۆیە توێژەران بوارەکانی ئەدائی مامۆستای خستە بەردەمی شارەزایان کە ژمارەیان (21) شارەزا بوو لە پەروەردەو دەروونزانی و پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن بەپێی پێوەری پلەپلەیی کە لە دە نمرە پێکدەهات، نمرەی (10) زۆرترین بایەخی بۆ بوارەکە هەبوو و نمرەی (1)یش کەمترین بایەخی بۆ بوارەکە هەبوو، لە کاتێکدا ئاستی بایەخەکانیتر لە نێوان ئەو دوو نمرەیەدا بوون. (الفتلي،2016،ص97) پاشکۆی (). دوا شیکردنەوەی ئامارییانەی مەزەندەکانی شارەزایان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی فیچەر (Ullman,1978,p76)و بە هەژمارکردنی ناوەندە سەنگینی (أوزان) هەر بوارێك کە هێز، یان رێژەی بایەخەکەی دەردەخات لە هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان ، دوای نزیکخستنەوەی سەنگی بایەخی هەر بوارێك ئەوە دەرکەوت کە ژمارەی درووست دەرکەوت و کۆی سەنگی بایەخەکانی ئەو بوارانە گەیشتە (83) ئاماژەو لە سەر (10) بوار(16) پێوەر دابەش کرابوون، کە ژمارەی ئەو ئاماژە پێویستانەی دەگرتەوە کە دەبوایە لە داڕشتنی ئە دائی مامۆستایانی باخچەی منداڵاندا هەبن. بە مەبەستی دابینکردنی بەدەستهێنانی ئەو ژمارەیەی ئاماژەکانی پێوەرەکەو داڕشتنە کۆتاییەکەی، (5) ئاماژەی دیکەش بۆ هەندێك لە بوارەکان زیاد کرا، لە شێوەی دەستەواژەی راپۆرتیانە، وەکو یەدەکێك و خۆپارێزییەك لە ئەگەری دوورخستنەوەی هەندێك ئاماژە لە کاتی شیکردنەوەی لۆژیکی لە لایەن شارەزایانەوە، بەمەش ژمارەی ئاماژەکان بە شێوازە بەراییەکەی (87) ئاماژە بوو، ئەم ژمارەیەش لە ژمارەی ئەو بڕگانە زیاتر بوون کە پێویست بوو لە پێوەرەکەدا هەبن، لە کاتی شیکردنەوەی ئامارییانەدا، چونکە هەندێك لە تایبەتمەندان لە پێوانەکردنی دەروونیدا ئاماژە بەوە دەکەن، کەچی ژمارەی ئاماژەکان بە شێوە بەراییەکەی پێویستە لە رێژەی داواکراوی ئاماژەکانی پێوەرەکە بە شێوازی کۆتایی زیاتر بن، ئەوەش لە سۆنگەی ئەگەری دوورخستنەوەی هەندێکیان لە کاتی شیکردنەوەی لۆژیکی یان ئاماری، تاکو ئەو ژمارە ئاماژەیە بمێنێتەوە کە رووماڵی تەواوی پێوەرە پێویستەکە دەکات (الزيباري،1997،ص74). بۆ دڵنیابوونیش لە شیاویی ئەو ئاماژەکان بە شێوازە بەراییەکەیان، خرایە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و تایبەتمەندان لە دەروونزانی پەروەردەیی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی و رێگەکانی وانەگوتنەوە بۆ مەزەندەکردنی ئاستي شیاویی لە هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان، وەك ئەوەی بە رووالەت دەردەکەوێت، دوای سەرنجدانی شارەزایان لەو بڕگانەو پشکنینیان بە شێوەیەکی لۆژیکیانەو لەبەر رۆشنایی راوبۆچوونەکانیان، رێژەی هاوڕایی و رێککەوتنیان لەسەر شیاویی ئەو ئاماژانە دەرکرد، تاکو راستگۆ دەرچێت لە پێوانەکردنی ئەو بوارەی کە بۆ پێوانەکردنی ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە رێژەی رێککەوتنی (80%) وەکو پێوەرێك، پاشان رێژەی (80%)ی هاوڕایی شارەزایان لەگەڵ هەموارکردنەوەی (10) ئاماژە کە ژمارەیەك لە شارەزایان پێشنیاری هەموارکردنەوەیان کرد، بەمەش ژمارەی ئەو ئاماژانەی مانەوە (87) ئاماژە بوون، کە تایبەتمەندییە سایکۆمەترییە پێویستییەکانیان بۆ دەردەکرێت بۆ دڵنیابوون لە شیاویی هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان.

**3-: دەسنیشانکردنی شێوازی داڕشتنی ئاماژە جێگرەوەکان (تحديد أسلوب صياغة فقرات البدائل)**:توێژەران لە ئامادەکردنی ئاماژەکان و داڕشتنیان پشتیان بە رێگەی لیکرت لە وەڵامدانەوە (شێوازی پێنجینەیی) بەست، "ئەم رێگەیە لەو رێگایانە دادەنرێت کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیەو بەوەش دەناسرێنەوە کە ئامرازگەلێکی وایان تێدایە توانای پێوانەکردنی نمرەی رەزامەندییان سەبارەت هەر یەکەیەك لەو یەکانەیان هەبێت کە پێوەرەکە لەخۆی دەگرێت" (موسى ،1981،ص21)، بە جۆرێك دەستەواژەکان بۆ وەڵامدەرەوەکە پێشکەش دەکات و داوای دەستنیشانکردنی وەڵامی لێ دەکات بە هەڵبژاردنی جێگرەوەیەك لە نێوان چەندین جێگرەوە، کە سەنگی جیاوازو جێگرەوەی راپرسییان هەبێت وەکو (بەردەوام، زۆرجار، هەندێکجار، کەم جار، هیچ جار)، ئەم جێگرەوانەش لە کاتی پشکنین وراستکردنەوەی نمرەکان (5، 4، 3، 2، 1) بە دوای یەکتردا دەبێت.

**4-: تاقیکردنەوەی روونی رێنماییەکان وروونی پێوەرەکە (التجربە الاستطلاعية )**:توێژەر ان رێکارییەکانی پیادەو جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی روونی (الاستطلاعي) لە سەرنموونەیەکی ئەنجامدا کە لە (35) مامۆستای باخچەی منداڵان پێکدەهاتن، تاقیکردنەوەی (الاستطلاعي)بە مەشق و راهێنانێکی زانستیانەی توێژەر ان دادەنرێن بۆ هەڵوەستەکردن لە سەر ئەو لایەنە نەرێنی و ئەرێنییانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان پەیڕەو دەکرێن، ئەوەش بە مەبەستی خۆلادان لێیان، مەبەستیش لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

- ❖ ئاستی روون و رەوانیی ئاماژەکان ونمرەی وەڵامدانەوەیان.
- ❖ دڵنیابوون لە ئاستی روون و رەوانیی رێنماییەکانی راپرسییەکە.
- ❖ وەڵامدانەوەی پرسیارو شرۆڤەکارییەکان.
- ❖ ئامادەکردنی وێنەیەکی کۆتایی ئاماژەکان.
- ❖ ئاستی گونجانی جێگرەوەی وەڵامەکان بۆ راپرسییەکە.
- ❖ هەژمارکردنی کاتی وەڵامدانەوەو ئەو کاتەی کە دەیخایەنێت لە وەڵامدانەوەی راپرسییەکە، کە تێکڕایی کاتی دەستنیشانکراوی وەڵامدانەوەکە بۆ ئاماژەکانی راپرسییەکە لە نێوان (24- 38) خولەك و بە تێکرایی (31) خولەك بوو. ئەنجامی تاقیکردنەوە (الاستطلاعي) کەش نەبوونی هیچ تەمومژو ئاڵۆزییەکی سەبارەت بە ئاماژەکانی راپرسییەکە لەخۆنەگرتبوو.

**2-4-3: : شیکردنەوەی ئاماریی ئاماژەکان (التحليل الإحصائي المؤشرات):**

**1-2-4-3: نموونەی ئاماریی ئاماژەکان (التحليل الاحصائي) :** بەشێکە لە کۆمەڵگەیەکی ئاماری خوێندراو، واتە: کۆمەڵە بەشێکە لە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئاماری، کە بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان و دەرکردن و وەرگرتنی بڕیارەکان هەڵبژێردراون. هەروەها ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش بۆ گەیشتن بە بونیادنانی پێوەری کاری مامۆستایانی باخچەی منداڵان ، توێژەر زانیارییە پەیوەستەکانی بە کۆمەڵگەی رەسەنی توێژینەوەکە کۆکردەوە، کە خۆي لە مامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی لە هەرێمی کوردستان دەبینییەوە، بە جۆرێك کە نموونەی توێژینەوەکە لە کۆمەڵگەی رەسەنی توێژینەوەکە بە رێژەی (15%) هەڵبژارد، کە ژمارەیان گەیشتحکومیە (409) مامۆستا کە بە شێوازی هەڕەمەکی چینایەتی Samping Stratified Random هەڵبژێردرابوون. ئەم شێوازە کاتێك بەکاردەهێنرێت کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نارێك و نەگونجاو بێت و بشێ دابەشی سەر چینە جیاوازەکان بکرێت، ئەوەش بە پێی گۆڕداراوەکانی توێژینەوەکە. توێژەران بۆ هەژمارکردنی پشتی بە چاوگەنموونەی هەڕەمەکیی چینایەتی بەستووە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە رەسەنەکە لە رووی تایبەتمەندییەکانی پسپۆڕی و شیاویی زانستییەوە نەگونجاو بوو، ئەمەش چاوگەنموونەیەکە دەکرێ تیایدا کۆمەڵگە بۆ چەند دەستەو چینێك دابەش بکرێت، پاشان هەڵبژاردنی هەڕەمەکی لە ناو هەر دەستە، یان چینێك دەکرێت، بۆیە چاوگەنموونەی هەڕەمەکیی چینایەتی کە لەگەڵ کۆمەڵگە نەگونجاوەکەدا دەگونجێندرێت. تێبینییەك: بۆ دۆزینەوەی ژمارەی تاکەکانی هەر ئاستێکی چاوگەنموونەکە ئەم یاسایەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت: ژمارەی تاکەکانی ئاستی چاوگەنموونەکە = (ژمارەی تاکەکانی ئاستی لە کۆمەڵگە ÷ ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگە) × ژمارەی تاکەکانی چاوگەنموونە. (عباس وآخرون،2006،ص225).

کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە- 728+1019+769+212=2728 مامۆستای باخچەی منداڵان.

ژمارەی مامۆستایان لە پارێزگای هەولێر= (728÷2728)×409=109 مامۆستای باخچەی منداڵان.

ژمارەی مامۆستایان لە پارێزگای سلێمانی= (1019÷2728)×409=153 مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

ژمارەی مامۆستایان لە پارێزگای دهۆك = (769÷2728)×409=115 مامۆستای باخچەی منداڵان.

ژمارەی مامۆستایان لە پارێزگای هەڵەبجە = (212÷2728)×409=32 مامۆستای باخچەی منداڵان.

باشترین قەبارەی چاوگەنموونەی شیکردنەوەی ئاماژەکان بۆ هەژماردنی هێزە جیاکارییەکەی لە کاتی بەکارهێنانی هەردوو کۆمەڵە سەربەخۆ (المجموعتین المتطرفتین) بە ڕێژەی (27%) لە هەر کۆمەڵەیەك، ئەوەیانە کە ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵەیەك لە (100) کەس کەمتر نەبێت (Anastasi, 1988, p23). توێژەر بە ئەنقەست چاوگەنموونەیەکی هەڵبژارد لە (455) مامۆستای باخچەی منداڵان پێکهاتبوو لە کۆمەڵگەی ڕەسەنی توێژینەوەکە، ئەوەش بە پشتبەستن بە شێوازی چاوگەنموونەی هەڕەمەکیی چینایەتی و دوای پیادەو جێبەجێکردنی لەسەر چاوگەنموونەی ئاماری.

**3-4-2-2: پیادەو جێبەجێکردنی پێوەر لەسەر نموونەی شیکردنەوەی ئاماری (تطبیق المقیاس علی عینة التحلیل الاحصائي):**

دوای ئەوەی پێوەرەکە بە شێوە کۆتاییەکەی ئامادەکرا، ئینجا لەسەر چاوگەنموونە هەڵبژێردراوەکان جێبەجێ کرا کە لە (455) فۆرم پێکهاتبوو، لە ماوەی مانگەکانی (نیسان و ئایاری 2022)، دواجار (434) فۆرمی تاکەکانی چاوگەنموونەکان گەڕێندرانەوەو (22) فۆرمیان دوورخرابوونەوە، هەندێکیان بە هۆی بوونی زیاتر لە وەڵامێك بۆ هەر ئاماژەیەك، یان کەمی زانیاری، یاخود وەڵام نەدانەوەی هەندێك لە ئاماژەکان لە لایەن کەسی لێتوێژراو (المبحوث)، توێژەرانیش بە ئەنقەست (3) فۆرمی بە شێوەی هەڕەمەکی دەرکرد، (409) فۆرمی شیکردنەوەی ئاماری مایەوە.

**3-4-3: تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان الخصائص السیکومتریە:**

**3-4-3-1: تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی ئاماژەکان پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستا (الخصائص السیکومتریە لمؤشرات مقیاس التقویم أداء المعلمات):** کرداری شیکردنەوەی ئاماژەکانی پێوەرەکە پلەیەکی باڵای گرنگی هەیە، چونکە سوودگەلێکی زۆر دەگەیەنێت و یارمەتیی دەرهێنانی پێوەرێکی کارا دەدات، کە کار لە سەر پێوانەی سیماکان، یان خەسڵەتە مرۆییەکان پێوانەکردنێکی ورد، هەروەها پێشبینیی ئەوەش دەکرێت کار لەسەر شیکردنەوەی ئاماژەکان بکرێت بە مەبەستی پەرەپێدانیان تا ئەو ئاستەی وای لێ دەکات بەشدارییەکی بەڵگەدارانە لەسەر ئەوانە بکات کە پێوانەیان دەکات. (النبهان،188،2004). بۆیە توێژەر پشتی بە هەژمارکردنی گرنگترین تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی ئاماژەکانی پێوەری توێژینەوەکە بەست، بەم جۆرەی خوارەوە:

**1-: راستگۆیی رووالەتی** (**الصدق الظاهري Validity Face** ): بایەخی راستگۆیی رووالەتی خۆی لە ئاستی نواندنکاری و توانای ئامرازی پێوانەکردندا دەبینێتەوە لەوەی لە پێناو پێوانەکردنیدا نەخشەسازی بۆ کراوە. (أبو حویج واخرون،2002،ص134). ئیبێل (ابیل 1972Ebel) ئاماژە بەوە دەکات کە باشترین رێگە بۆ دڵنیابوون لە راستگۆیی رووالەتیی پێوەر خستنەڕووی ئاماژەکانیەتی بۆ بەردەم کۆمەڵە شارەزایەك بۆ بڕیاردان لەسەر شیاوییەکەی لە پێوانەکردنی ئەوەی مەبەستە پێوانە بکرێت ( Ebel ,1972,p:522). (عویس1999)یش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "دەکرێ راپرسی بە راستگۆ دابنرێت دوای ئەوەی دەخرێتە بەردەستی ژمارەیەك تایبەتمەندو شارەزا لەو بوارەی کە راپرسییەکە پێوانەی دەکات، جا ئەگەر شارەزایان جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە راپرسییەکە پێوانەی ئەو رەفتارە دەکات کە لە پێناو پێوانەکردنیدا دانراوە، ئەو کاتە توێژەر دەتوانێت پشت بە بڕیاری شارەزایان ببەستێت". (Ferguson,1981, p:104). دوای شیکردنەوەی وەڵام و تێبینییەکانی شارەزایانی بەڕێز، راستگۆیی شارەزایان لە میانی رێژەی سەدیی هاوڕایی شارەزایان سەبارەت بە شیاویی ئاماژەکانی راپرسییەکە دەرهێنرا، بەمەش ئاماژەکان پەسەند کران دوای ئەوەی بە رێژەی (75%)و زیاتر راوبۆچوونی شارەزایان لەسەری کۆك و هاوڕابوون، لەگەڵ هەموارکردنەوەی چەند ئاماژەیەك، بۆ هێنانەدیی ئەمەش توێژەر بوارەکان و ئاماژەکانی پێوەری ئەدای مامۆستایانی باخچەی منداڵانی بە شێوازە بەراییەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵە شارەزاو پسپۆڕێك لە بواری پەروەردەو دەروونزانی و پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن و دەروونزانیی پەروەردەیی و رێگەکانی وانەگوتنەوە کە ژمارەیان (21) شارەزا بوو، پاشکۆی () بۆ دڵنیابوون لە شیاویی ئاماژەکان و ئاستی گونجانیان لەگەڵ ئەو بوارەی لە پێناویدا دانراوە، پێشتریش وردەکارییەکانی باسکراون.

**2-: راستگۆیی بونیادنان (صدق البناء)**: مەبەست لە ئاستی پێوانەکردنی پێوەری دەروونی بۆ پێکهێنانی گریمانەیی یان چەمکی دەروونیی دیاریکراو، زیاترین جۆرەکانی راستگۆییە، وەکو نواندنکارییە بۆ چەمکی راستگۆیی، کە هەندێك جار بە راستگۆیی چەمکیش ناودەبرێت، مەبەستیش لە راستگۆیی بونیادنانی ئەو نمرەیەی کە پێوەرەکە پێوانەی دەکات لە رووی بونیادنانی تیۆری، یان سیمایەی دیاریکراوەوە (ربیع،1994،ص98)، راستگۆیی بونیادنان لەوانەیە پشت بە نیشانەو ئاماژەکان ببەستێت وەکو هێزی جیاوازیکاریی ئاماژەکان و پەیوەندیی ئاماژەکان بە نمرەی گشتیی پێوەرەکەوە (النبهان،2004،ص303)، ئەم جۆرە راستگۆییەش لە گرنگترین جۆرەکان دادەنرێت کە بە لای نەخشەسازی پێوەردانانەوە گرنگ بێت، بە جۆرێك بنەمای تیۆریی پێوەری لە پەرەپێدانی ئامرازی پێوانەکردن پێکدەهێنێت، لەبەرئەوەی ئاراستەی خزمەتگوزاریی خودی پێوەر دەکرێت، بە واتای تێپەڕاندنی گومان لەوەی ئەو پێوەرە پێوانەی ئەو

سیماو خەسڵەتە دەکات کە لە پێناویدا ئامادەکراوە (النجار،2010،ص384). لە ڕێگەی هێشتنەوەی ئەو بڕگانەی پەیوەندیی بەڵگەداریی ئامارییان هەیەو دوورخستنەوەی ئاماژە لاوازە پەیوەستگیرەکانەوە لەم ئاماژەیە (المؤشر) دڵنیابوونەوە، بۆیە دەکرێ هاوکۆلکەکانی پەیوەستگیریی ئاماژەکان بە نمرەی گشتی و توانای جیاوازیکاریی ئاماژەکان لە ئاماژەی راستگۆیی بونیادنانی ئەم پێوەرەی ئێستادا دابین بکرێت.

**2-2-3-4 جێگیریی پێوەر (ثبات المقياس Reliability Scal** ): جێگیری بریتییە لە بەخشینی تاقیکردنەوەکان، هەمان ئەنجامی نزیك لە پێوانەکردنەکە ئەگەر ئەو راپرسییە زیاتر لە جارێك بەکارهێنرایەوە، یان بەکارهێنانی ڕێگەی دیکە (الروسان،2006،ص33). جێگیری بەوە پێناسە دەکرێت کە نمرەی ڕێکوپێکییە لە پێوانەکردنی سیمای ئەو بابەتەی پێوانە دەکرێت لە جارێکەوە بۆ جارێکیتر، ئەگەر چەند جارێك ئامرازەکە دووبارە جێبەجێ بکەینەوە، یان بە کورتی "وردیی پێوانەکردنەکە- دقە القیاس". (الشايب،2008،ص102) بە مەبەستی بەدەستهێنانی جێگیریی پێوەرەکەش توێژەران دوو هاوکێشەی پەیوەستگیریی پیرسون و ئەلفا کرونباخی بەکارهێنا وەکو لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

**1- ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە (طريقة إعادة الاختبارTest- Retest Method:):** لە ئاسانترین ڕێگەکانە بۆ بەدەستهێنانی پێوانەی دووبارەکراو بۆ هەمان کۆمەڵەی کەسەکان، بۆ پێوانەکردنی هەمان سیماو خەسڵەتیش توێژەر هەژماری نمرەی جێگیریی راپرسییەکەی بە ڕێگەی پیادەو جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکەو دووبارەکردنەوەی بەکارهێنا، بە جۆرێك توانی راپرسییەکە لە سەر چاوگەنموونەیەك پیادەو جێبەجێ بکات کە لە (32) مامۆستای باخچەی منداڵان پێکهاتبوو، وەکو پیادەکارییەکی بەرایی لە چاوگەنموونەکە لە ماوەی مانگی (نیسان/ 2022) دواتر لە چاوگەنموونەی توێژینەوەکە دووریخستنەوەو جارێکیترو دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە لە کاتی پیادەو جێبەجێکردنی جاری یەکەم راپرسییەکە لە سەر هەمان چاوگەنموونە پیادەو جێبەجێ کرایەوە، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان و چارەسەرکردنیان لە رووی ئاماری و بەبەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پیرسۆن (0.83) لە نێوان نمرەکانی پیادەو جێبەجێکردنەکە، هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێوەری ئەدای مامۆستایان (Person Correlation) بوو، ئەمەش بەهایەکی بەڵگەداری ئامارکراوە لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05).

**2هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ (Alpha Cronbac):** بیرۆکەی ئەم ڕێگەیەش کە خاوەن ڕێکوپێکی و گونجان و توانایەکی متمانەپێکراوە بە ئەنجامەکانی لە سەر هەژمارکردنی پەیوەستگیرییەکانی نێوان نمرەی هەموو ئاماژەکانی پێوەرەکە، بۆ دەرهێنانی جێگیریش بەم ڕێگەیە، هاوکێشەی کرونباخ لە سەر نمرەی تاکەکانی چاوگەنموونەی جێگیری و پاشانیش چاوگەنموونەکە لەسەر جێبەجێکردنی بەرایی پێوەرەکەو پێوەری بونیادنان کە ژمارەیان گەیشتە (409) مامۆستای باخچەی منداڵان، بەها هاوکۆلکەی جێگیریی پێوەرەکە (0.95) بوو، ئەمەش زێدە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی پێوەرەکە جێگیرییەکی بەرزی هەیە.

**5-3: عينة تطبيق النهائي:**

**3-5- 1:چاوگەنموونەی پیادەکردنی کۆتایی (عينة تطبيق النهائي):** : وەسفی پێوەرەکەو راستکردنەوەی: پێوەرەکە بە شێوەی کۆتایی لە (87) ئاماژە پێکدەها، وەڵامدانەوەی راپرسییەکەش لە میانی پێنج جێگرەوەی ڕێکوپێك بوو بە شێوەی سەرەوخوار (تنازلی) لەسەر پێوەرێکی پێنج رەهەندی (هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، بە دەگمەن، هەرگیز)، کێش و سەنگەکانیش بەپێی ناوەڕۆکی ئاماژەکە (5، 4، 3، 2، 1)نمرە بوو، نمرەی راپرسییەکەش لە نێوان (87- 435) نمرەو بە نێوەندەی گریمانەیی کە ڕێژەکەی (261) نمرە بوو.

2-5-3: **چاوگەنموونەی پیادەو جێبەجێکردنەکە (عينة تطبيق)**: دوای ئەوەی پێوەرەکە لە میانی کۆمەڵێك لە ڕێکاری بونیادنراو لەسەر چاوگەنموونەی بنەڕەتیی توێژینەوەکە پیادەو جێبەجێکرا، کە لە (315) مامۆستا پێکدەهات، کە بە ڕێگەی هەڕەمەکی چینایەتی بەرێژەی 10%هەڵبژێردران لە نێوان مامۆستایان لەناوسنتەر پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) لە ماوەی مانگی (نیسان/ 2022) دوا دابەشکردنی فۆرمی پێوەرەکە لەسەر تاکەکانی چاوگەنموونەکە، (294) فۆرم گەڕێندرانەوەو (17) فۆرم بە هۆی بوونی کەموکووڕی لە زانیارییەکان، یان وەڵام نەدانەوەی ڕێکوپێکی هەندێك لە ئاماژەکان، توێژەریش بە ئەنقەست (4) فۆرمی بە شێوەی هەڕەمەکی دوورخستەوە، بەم شێوەیە(273) فۆرم پشکێندران و راستکرانەوە بەپێی ئەو شێوازەی بۆ پشکنین و راستکردنەوەی پێوەرەکە گیرابووە بەر لە کاتی بونیادنانیدا، لەگەڵ رەچاوکردنی راستکردنەوەیان، بەمەش چاوگەنموونەکە بە شێوەی پیادەو جێبەجێکردنی کۆتایی لە (273) مامۆستای باخچەی منداڵان پێکهات، خشتەی (7) ئەوە روون دەکاتەوە.

**خشتەی(7) نموونەی پیادەو جێبەجێکردنی کۆتایی وڕێژەکەی بەپێی تاکەکانی چاوگەنموونەکە بەرێژەی سەدی**

| ژ | پارێزگا | ژمارەی مامۆستایان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| -1 | هەولێر | 73 | % 26.74 |
| -2 | سلێمانی | 102 | %37.36 |
| -3 | دهۆك | 77 | %28.21 |
| -4 | هەڵەبجە | 21 | %7.69 |
| | کۆی گشتی | 273 | %100 |

**6-3: ئامرازە ئامارییەکان:**بەمەبەستی شیکاری وچارەسەرکردنی ئاماری بۆ زانیاری وداتا کۆکراوەکانی توێژینەوەکە "پرۆگرامی ئاماری (SPSS)بەکارهێندراوە لەشیکردنەوەی داتاکاندا.هەروەها ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتین لە:

1-ڕێژەی سەدی: بەمەبەستی دیاریکردنی ڕای شارەزایان دەربارەی راستی ورواڵەتی بۆ پێکهاتە وئاماژەکانی پێوەرەکە.

2- هاوکێشەی فیشەر:بەمەبەستی دیاریکردنی گرنگی سەنگی بۆ پێکهاتەکانی پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

3- تاقیکردنەوەی تی (t.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ:بەمەبەستیدیاریکردنی بەهای جیاکاری لەنێوان هەردوو کۆمەلەی (بەرزونزم).

4- هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن:بۆدەستنیشانکردنی راستی ئاماژەکانی پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی مندالان وجێگیری پێوەرەکە.

5- هاوکێشەی احتمال المنوالی :بەمەبەستی دیاریکردنی جێگیری بڕگەکانی پێوەرەکە.

6- هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ: بەمەبەستی دیاریکردنی جێگیری پێوەرەکە.

7- تاقیکردنەوەی تی(t.test) بۆ یەك نموونە:بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان لای نموونەی توێژینەوەکە.

**4-4 : خستنەڕووی ئەنجامەکان و شرۆڤەکردنیان :**

**1-4 :** (بونیادنانی پێوەری ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان پاڵپشت بەپێوەرەکانی دڵنیای جۆری **:**ئەم ئامانجە لە ڕێگەی بونیادنانی پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان لە لایەن توێژەرەوە هاتەدی، بە گرتنەبەری ڕێکارییەکان و هەنگاوە زانستییە پێویستەکان لە بونیادنانی پێوەر کە بە وردی لە بەشی سێیەمدا باسکراوە، کە لە ئەنجامدا پێوەرێك بونیادنرا کە لە (87) ئاماژە پێکهاتووە لە شێوەی دەستەواژەی ڕاپۆرتیانە وە دابەشکراوە بەسەر (10) پێکهاتە، بۆ پێوانەکردنی ئەدائی مامۆستایان باخچەی منداڵان حکومی، لەگەڵ دەرهێنانی تایبەتمەندی سایکۆمەتری گونجاو بۆ ئاماژەکانی پێوەرەکە کە خۆی لە (هێزی جیاکاری و ڕاستی ئاماژەکان و جێگیری ئاماژەکان) دەبینێتەوە، هەروەها دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان بۆ پێوەرەکە خۆی کە خۆی دەبینێتەوە لە (1 )ڕاستی: (ڕاستی رووالەتی و ڕاستی بونیادنان)، و (2) جێگیری : (ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە وهاوکێشەی ئەلفا کرونباخ) ، وەسفکردنی پێوەرەکەش بە شێوەی کۆتایی، پاشانیش ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوە، تاکو ئامادەبوو بۆ پراکتیزەکردن، کە لەم توێژینەوەیەی ئێستا، وەکو ئامرازێك بەکارهێنراوە، وەك ئەوەی لە پاشکۆی ()دا روونکراوەتەوە.

**2-4 : ناساندنی ئاستی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان (حکومی)پاڵپشت بەپێوەرەکانی دڵنیای جۆری :** بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەی سەرەوە، توێژەران هەستان بە هەڵچنینی وەڵامی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (273) مامۆستا بوو، ناوەندی ژمێرەیی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پێوەری ئەدائی مامۆستایان دەرهێنرا کە گەیشتە (368.00) نمرە، بە لادانی پێوەری (26.96) نمرە، لە کاتی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە لەگەل ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە کە گەیشتە (261) نمرە، بۆزانینی جیاوازیی بەڵگەداری نێوان هەردوو نێوەندەکەش توێژەر تاقیکردنەوەی تی (t.test) بۆ یەك نموونە بەکارهێنا، بەمەش بەهای تی هەژمارکراو گەیشتە (65.647) نمرە، ئەمەش لە بەهای تی خشتەیی گەورەترە کە گەیشتە (1.970) نمرە لە ئاستی (0.05) و نمرەی ئازادی (272). وە خشتەی (8) ئەوە ڕوووندەکاتەوە:

خشتەی (8) بەهای تی (t) نیشاندەدات بۆ جیاوازی بەڵگەداری لە نێوان ناوەندی ژمێرەی و ناوەندی گریمانەیی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانی | Df | نرخی t | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 273 | 368.00 | 26.96 | 261 | 272 | 65.647 | 1.970 | **بەڵگەدارە** |

لە ئەنجامەی ئەم خشتەیە دەردەكەوێت ئەدائی مامۆستایان باخچەی منداڵان لەهەرێمی كوردستاندا لەئاستێكی بەرزە لەژێر رۆشنای پێوەرەكانی دڵنیای جۆری كەخۆی لەوبوارانەدەبینێتەوە(ستراتیژیەتی فێركردنی كارا، پلاندانان و بەدواداچوون، بەڕێوەبردنی چالاكیی ناوپۆل و كارلێكی ئەرێنی، شێوازەكانی فێركردن كە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەكانی مناڵە بۆ گەشەكردنیان، هوشیاریی ژینگەیی، تەندروستی و سەلامەتي مناڵ، گەشەپێدانی پیشەیی وشارەزایی و پسپۆری ، پاڵپشتی و پەیوەندی كردن لەگەڵ منداڵ، هاوبەشی كردنی مامۆستا لەگەڵ خێزان و كۆمەڵگا، هەڵسەنگاندن).

**5: دەرئەنجامەكان وراسپاردەكان وپێشنیارەكان**

5-1: : دەرئەنجامەكان:لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەكان توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانە:

1-. بونیادنانی پێوەرەكانی ئەدائی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەژێر رۆشنای دڵنیای جۆری كە پێكهاتووە لە (87) ئاماژە لە شێوەی دەستەواژەی ڕاپۆرتیانە بە تایبەتمەندی سایكومەتری گونجاو وە مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە سەنتەری شارەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق

2- پێوەرەكانی ئەدائی مامۆستایان بەشێوەیەكی گشتی هەیە وەلە ئاستێكی بەرزیشدایە.

5-2: راسپاردەكان: لەبەررۆشنایی دەرئەنجامەكانی توێژینەوە،توێژەر ئەم راسپاردانەی دەخاتەڕوو:

1- بڵاوكردنەوەی كولتوری هەڵسەنگاندن بەگشتی، خۆهەڵسەنگاندن (خۆهەڵسەنگاندنی مامۆستا) بە تایبەتی، هەڵسەنگاندنی بەدیل، ڕاهێنان و پەرەپێدانی لە خزمەتدا

2-جێبەجێكردنی بەرنامەی چاكسازی گشتگیر كە باس لە چوارچێوە ڕێكخراوەییەكان، بەرنامە پەروەردەییەكان، چالاكییەكان، مەنهەج و شێوازەكانی پەروەردە بكەن وە ئاستی لێهاتوویی پەروەردەیی بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەگوێرەی مەرجەكانی دڵنیایی جۆری.

3-وەزارەتی پەروەردە ئەنجامدانی خول و وۆرك شۆپی ڕاهێنان تایبەتمەندە لە پلاندانان بەپێی ستانداردەكانی دڵنیایی جۆری بۆ سەرپەرشتیاران پەروەردەكاران، مامۆستایان، و بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری باخچە منداڵان وقوتابخانەكان بەپێی ستانداردەكانی...دڵنیایی جۆری.

**5-3: پێشنیارەكان:**

1-ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا بۆ دەستنیشانكردنی خاڵە بەهێزو لاوازەكان لە هەڵسەنگاندنی ئەدائی مامۆستایان لەقۆناغەكانی تر خوێندندا.

2-پێشنیاری جێبەجێكردنی پێوەرەی دڵنیای جۆری لەم توێژینەوەی ئێستا لەلایان وەزارەتی پەروەردە لەناوەندەكانی فێركردندا.

**سەرچاوەكان:**


1 بابان،ئەحمەد عەلی ومحمد،نازەنین عوسمان ومحمد،نزیرە(2021)،گوڵبژێرێك بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە،چ2،دەزگای چاپ وپەخشی نارین،هەولێر.

2 رسول"ابراهیم(2016) پێوانەو هەڵسەنكاندنی پەروردەیی چ2،هەوڵ/

3 قادر، رەمەزان حەمەدەمین.(2020). پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی. چ2. چاپخانەی سایە. سلێمانی.

4 إبراهيم ،محمد عبدالرزاق(2003).منظومة تكوين المعلم في ضوء معايير الجودة الشاملة،دار الفكر،عمان.

5 أبو حويج،مروان وآخرون(2002).القياس والتقويم في التربية وعلم النفس،دار الثقافة للنشر والتوزيع،عمان –الأردن.

6 امبو سعيدي واخرون ،عبدالله امبو سعيدي ،عزة البريدية،هدى الحوسنية(2019). استراتيجيات المعلم للتدريس الفعال،ط1،عمان ،دار المسيرة للنشر والتوزيع.

7 البوهي، رأفت عبد العزيز(2018).الجودة الشاملة في التعليم ،ط1،كفر الشيخ،دار العلم والإمان للنشر والتوزيع.

8 الحارثي،إبراهيم أحمد مسلم(2014).تجويد التعليم باستخدام المعاييروإدارة الجودة الشاملة،مكتبة الملك فهدالوطنية ، ط1،الرياض،السعودية.

9 حسن حسين البيلاوي وآخرون،حرير:رشدي أحمد طعيمة(2006)الجودة الشاملة في التعليم بين مؤشرات التميز ومعايير الإعتماد الأسس والتطبيقات.ط1،دار المسيرة،عمان ،الأردن.

10 حسن، عادل(1978).ادرة الافراد،جامعة الاسكندرية، دار الجامعات المصرية.

11 حسين،عبد الفتاح دياب(1999).التخطيط والرقابة اسسس نجاح الادارة،ط2،المجموعة الاستشارية العربية ،القاهرة.

12 الحمادي،محمد(2019).درجة ممارسة معلمات رياض الأطفال أدوارهن في عصر تكنولوجيا المعلومات والاتصالاتفي المناطق المحررة،مدرس في كلية التربية في جامعة حلب في المناطق المحررة،مركزحرمون للدراسات المعاصرة.

13 الخياط، ماجد محمد(2010). أساسيات القياس والتقويم في التربية، ط1، دار الراية، عمان الأردن.

14 ربيع،محمد شحاتة(1994).قياس الشخصية ،ط2،دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة،عمان،الأردن.

15 رضوان،محمد نصرالدين(2006).المدخل الى القياس في التربية البدنية والرياضة،ط1،مركز الكتاب للنشر،القاهرة،مصر.

16 الروسان، فاروق(2006).اساليب القياس التشخيصي في التربية الخاصة،ط1،دار الفكر للنشر والتوزيع،عمان،الأردن.
17 الزاملي،يحيى(2017). فاعلية مقرر المواد الاجتماعية للصف الخامس الاساسي في ضوء معايير المجلس الوطني الأمريكي للدراسات الاجتماعية(NCSS)، رسالة ماجستير ، كلية التربية ،جامعة السلطان قابوس،مسقط،سلطنة،عمان.
18 الزيباري،صابر عبدالله سعيد(1997).الخصائص السيكومترية لاسلوبي المواقف الفظية والعبارات التقريرية في بناء مقايس الشخصية،جامعة بغداد ،كلية التربية – ابن رشد(أطروحة دكتوراه غير منشورة).
19 السبعاوي،سعد ابراهيم مرعي(2021).تقويم أداء معلمي العلوم في المرحلة الابتدائية في ضوء معايير الجودة الشاملة،رسالة ماجستير، كلية التربية الأساسية،جامعة الموصل،العراق.
20 سعادة،جودت أحمد والعميري،فهد بن علي(2019).تقويم المناهج التوجيهات الحديثة –المعايير العالمية التطبيقات التربوية-التطلعات المستقبلية،ط1،دار المسيرة ،عمان.
21 السعدوي،عبدالله صالح(2018).دليل المعلم للتقويم المعتمد على الأداء:من النظرية إلى التطبيق،ط2،مكتب التربية العربي لدول الخليج،الرياض.
22 سعيد،صابر عبدالله(2007).أثر طريقة الإجابة بالحاسوب والطريقة والتقليدية بالقلم والورقة على الخصائص السيكومترية للمقياس النفسية،مجلة زانكو للعلوم الانسانية ،العدد(30)،جامعة صلاح الدين اربيل،إقليم كوردستان-العراق.
23 سلطان،سالم فالح غضيان(2017).تقويم أداء معلمي المرحلة المتوسطة في ضوء المعايير العالمية للتعليم في دولة الكويت،جامعة آل البيت، كلية العلوم التربوية،قسم المناهج وطرق التدريس.
24 الشايب،عبدالحافظ قاسم(2008):أسس البحث التربوي،دار وائل للنشر والتوزيع،ط1،عمان،الأردن.
25 شريف،السيد عبدالقادر(2014).ثقافة الجودة في إدارة رياض الأطفال وتطبيقاتها،دار الجوهرة للنشر والتوزيع،ط1،القاهرة.
26 عباس،محمد،وآخرون(2014). مدخل الى مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار المسيرة،عمان.
27 عباس،محمدومحمدلوفل ومحمد العبسي وفريال أبو عواد(2014).مدخل الى مناهج البحث في التربية وعلم النفس،ط5،دار المسيرة،عمان.
28 عبيد،جمانة محمد(2005).المعلم:إعداده،تدريب،كيفايات،ط1،عمان ،دار صفاء للنشر،الاردن.
29 العزاوي ،رحيم يونس كرو(2008).منهج البحث العلمي،عمان ،عمان.
30 عطاري،عارف،عبدالله ،الشنفري دراسة العوامل المحددة التي تؤثر على تقييم المعلمين الأداء في سلطنة عمان ،مجلة دراسات،العلوم التربوية ،الجامعة الأردنية المجلد 32،العدد 2005 ص(243- 257)
31 عمر، أحمد همشيري(2015).التربية في بيئة رقمية متجددة ،دار صفاء للنشر والتوزيع،عمان
32 عيسوي، عبدالرحمن محمد (1999). القياس و التجريب في علم النفس و التربية، دار المعرفة الجامعية القاهرة.
33 الفتلي، حسين هاشم هندول(2016). المبادئ الأساسية في القياس والتقويم التربوي والنفسي، ط1، دار الوضاح عمان، الأردن.
34 فرحات، ليلى السيد(2006). القياس والاختبار، مركز الكتاب للنشر،ط1، القاهرة، مصر.
35 فليه،فاروق عبدو ،عبدالمجيد،محمد(2005).السلوك التنظيمي في إدارة المؤسسات التعليمية،دار المسيرة،عمان ،الأردن.
36 فهمي،عاطف عدلي (2004).معلمة الروضة ،ط1،دار المسيرة،عمان ،الأردن.
37 قاسم ،مجدي عبدالوهاب وشحاتة،صفاء أحمد(2014).صناعة مستقبل التعليم الجامعي بين إرادة التغيير وإدارته،ص1،دارالفكرالعربي،القاهرة.
38 قطيشات،منال هاني(2022).الجودةالشاملة في التعليم والمعايير (NCATE)ط1،دار المناهج ،عمان.
39 كاظم ،على مهدي(1990). بناء مقياس مقنن لمفهوم الذات لدى طلبة المرحلة الاعدادية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الاولى، جامعةبغداد، بغداد، العراق.
40 محجوب، وجيه (2002). البحث العلمي، مطبعة جامعة بابل، ط2، وزارة التليم العالي،العراق.
41 مصطفى،منى صديق أحمد(2014).تقويم الكفايات الأدائية لمعلمات رياض الأطفال، رسالة ماجستير،كلية التربية-الحصاحيصا،جامعة الجزيرة،السودان.
42 المقاطى،بدر بن عبدالله عبيد،بريكيت،أكرم بن محمد بن سالم(2021).تقويم الأداء التدريسي لمعلمي مقررلغتي الجميلة في ضوء مهارات الطلاقة القرائية،المجلد السابع والثلاثون – العدد الحادي عشر – نوفمبر2021م ،http://www.aun.edu.eg/faculty_education/arabic
43 موسى،عبدالله عبدالحي(1981).بحوث في علم النفس التربوي، ط4، مكتبة الخانجي،القاهرة.
44 نبهان،موسى(2004).أساسيات القياس في العلوم السلوكية،ط1،دار الشروق،عمان،الأردن.
45 النجار، نبيل جمعية صالح( 2010).القياس والتقويم منظور تطبيقي مع تطبيقات برمجة SPSS ، ط1، دار الحامد للنشر والتوزيع ،عمان.
46 هلال،عبد الغني(2016).الجودة في إدارة وتقييم الأداء،ط1،مركز تطوير الأداء والتنمية،القاهرة.
47. Ebel ,R. L (1972) **Essentials Of Educational Measuremet** .New Jersey, Engle Wood Cliffs Prentic -Hall.
48. Allen .M. and Yen .W.M ;Introduction to Measurement Theory, Brook ,Cole California ,1979,P118-119.
49. Anastasi, Anne(1988)Psychological Testing .New York Macmmillan Publishing.
50. Ferguson, G.A.(1981), statistical analysis in psychology and education ,5th ed. London, Mc Graw –Hill,Inc.
51. ISO 9000 2000 Quality Management System Fundamentats and Vocabulary. Genev
52. Ullman,N.R.(1978). Elementary Statistic as an approach, New York,John Wiley.

## تقويم اداء معلمات رياض الأطفال وفق معايير ضمان الجودة في أقليم كردستان/ العراق

**شيلان أحمدحمدامين** **سلوى أحمد أمين**

قسم رياض الأطفال- كلية التربية الأساسية –جامعة الصلاح الدين – أربيل

Shelan.hamadameen@su.edu.kr salwa.ameen@su.edu.krd

**ملخص**

يهدف البحث الحالي الى: بناء معايير الأداء معلمات رياض الأطفال في ضوء ضمان الجودة ، والتعرف على مستوى أداء معلمات رياض الأطفال في ضوء معايير ضمان الجودة، حيث استخدمت الباحثتان المنهج الوصفي لملائمته لطبيعة البحث، وتم تحديد مجتمع البحث المتكون من معلمات رياض الأطفال في اقليم كوردستان للسنة الدراسية (2021- 2022) الى مركز محافظة وتحقيقا لأهداف البحث الحالي، قامت الباحثتان ببناء معايير الأداء معلمات ، ولهذا الغرض تم اختيار عينة البناء (التحليل الاحصائي) من المجتمع الأصلي بنسبة 15% ، اذ بلغت العينة البناء (409) معلمات. حيث اختيرت باسلوب العشوائية الطبقية، وبعد تتطبيق إجراءات بناء المقياس، قامت الباحثتان ببناء مقياس معايير الأداء معلمات رياض الأطفال المتكون من (87) فقرة على شكل عبارات التقريرية، والموزع على (10) مجالات ،بواقع(16) معيار وهذه المجالات تضمنت كل من: استراتيجية التعليم الفعال: (9، فقرة)، التخطيط والمتابعة (8، فقرة)، إدارة الأنشطة الصف والتفاعل الإيجابي: (8، فقرة)، الأساليب التعلمية التي تستجيب حاجات الأطفال لتنميتهم (8، فقرة)، الوعي البيئي (8، فقرات)، صحة وسلامة طفل (8، فقرات)، التنمية مهنية و المعرفة بالتخصص: (10، فقرة)، تعزيز التواصل مع الطفل :(8،فقرات)، شراكة المعلم مع الأسرة والمجتمع (10،فقرات)،التقويم :(10،فقرات)ويتكون من (5) خمسة البدائل للإجابة، والتى تم استخراج الخصائص السيكومترية المناسبة للفقرات المقياس والتي تضمنت كل من : (القوة التميزيية الصدق الفقرة والثبات الفقرة)، واستخراج الخصائص السيكومترية للمقياس والتي تضمنت كل من : (الصدق الظاهري والصدق البناء)، والثبات: (طريقة اعادة الاختبار ومعادلة الفا كرونباخ)، و لتطبيق المقياس بصغته النهائية، قامت الباحثان باختيار العينة التطبيق من المجتمع الأصلي بنسبة (10%)، اذ بلغ عددهم(732) معلمة من معلمات رياض الاطفال و الذين تم اختيارهم بالطريقة العشوائية الطبقية ، وبالاعتماد على برنامج (spss) (الحقيبة الاحصائية للعلوم الاجتماعية) لتحليل البيانات، تم توصلت البحث الحالي الى اهم النتائج على وفق أهداف البحث ما يأتي: بناء معايير الأداء معلمات رياض الأطفال في ضوء ضمان الجودة في أقليم كوردستان العراق-مؤلف من (87) فقرة على شكل عبارات تقريرية ذات خصائص سيكومترية مناسبة، وان معلمات رياض الأطفال في مركز محافظات أقليم كوردستان العراق يتحلون بشكل عام وبمستوى مرتفع، وفي الختام و في ضوء نتائج البحث توصلت الباحثتان الى بعض التوصيات و المقترحات.

**الكلمات المفتاحية:** التقويم، أداء معلمات، رياض الأطفال، معايير، ضمان الجودة.

## Evaluating the performance of kindergarten teachers according to quality assurance standards in the Kurdistan Region / Iraq

**Salwa Ahmed Ameen** **Shaelan Ahmed Hamadameen**

College of Basic Education, Department of Kindergarten, Salahaddin University-Erbil

salwa.ameen@su.edu.krd Shelan.hamadameen@su.edu.kr

**Abstract**

This research aimed to the following objectives: Constructing a performance standards for kindergarten teachers in the light of quality assurance, identifying the performance level of kindergarten teachers in light of quality assurance standards, where the researchers used the descriptive approach to suit the nature of the research, and the research community was identified from kindergarten teachers in Kurdistan Region for the year In order to achieve the objectives of the current research, the researchers built performance criteria for parameters, and for this purpose, the construction sample (statistical analysis) was selected from the original community by 15%, as the construction sample amounted to (409) parameters. Where it was chosen by a stratified random method, and after applying the measures of building the scale, the researchers built a measure of performance standards parameters consisting of (87) paragraphs in the form of declarative phrases, distributed on (10) areas (16) standards, and these areas included each of: Effective education strategy: (9, paragraph), planning and follow-up (8, paragraph), classroom activities management and positive interaction: (8, paragraph), learning methods that respond to children’s needs for their development (8, paragraph), environmental awareness (8, paragraphs), child health and safety (8, paragraphs), professional development and knowledge of specialization: (10, paragraph), enhancing communication with the child: (8, paragraphs), the teacher’s partnership with the family and society (10, paragraphs), evaluation: (10, paragraphs) and it consists of ( 5) Five answer alternatives, which extracted the appropriate psychometric characteristics of the scale items, which included: (discriminatory power, item reliability and item stability), and extracted the psychometric properties of the scale, which included: (apparent honesty and constructive honesty), and stability: (retest method and Cronbach's alpha equation), and to apply the scale in its final form, the researcher chose the sample application from the original population with a percentage (10%), with a number of (732) parameters, which were chosen by a stratified random method, and based on the (SPSS) program (Statistical Portfolio for Social Sciences) to analyze data, the current research reached the most important results according to the objectives of the research as follows: Building criteria Performance of kindergarten teachers in the light of quality assurance in the Kurdistan Region of Iraq - consisting of (87) paragraphs in the form of declarative phrases with appropriate psychometric characteristics, and that the kindergarten teachers in the center of the governorates of the Kurdistan Region of Iraq are characterized by the performance of female teachers in general and at a high level, and in conclusion and in In light of the research results, the researchers reached some recommendations and suggestions.

**Keywords:** evaluation, performance of kindergarten teachers, standards, quality assurance.